

موئەیەد ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیست

ئیسلامی سیاسی نە ئەهلی گۆڕانکاریەء نە گۆڕانکاریش بابەتی کاری ئەوە

*بۆچونێك هەیە كە پێیوایە سەرجەم هێزە ئیسلامیەكان كۆنزەرڤاتیڤن؟ ئەمە رێك بۆ ئێخوانەكان و ئیسلامیەكانی وڵاتانی بەهاری عەرەبیش هەمان شتە؟

-سەرجەم هێزە ئیسلامیەكان نەك هەر كۆنزەرڤاتیڤن، بەڵكو نوقمی كۆنزەرڤاتیفی و دژایەتیكردنی ماف و ئازادیە هەرە سەرتاییەكانی ئینسانن، ئەمەش هەمان شتە «بۆ ئیخوانەكان و ئیسلامیەكانی وڵاتانی بەهاری عەرەبیش». سەرباری ئەوانەش، بەشێكی گەورە لە هێزەكانی ئیسلامی سیاسی تێرۆریستن؛ وەك رژێمی سیاسی بێت؛ یان رێكخراوی چەشنی ئەلقاعیدە. هەر تەنها ئایدیۆلۆژی ئیسلامی سیاسی نییە كە ئەو خاسیەتە هاوبەشەی پێ بەخشیون ودەبێ هەموویان لە ژێر چەتری ئەو ئایدیۆلۆژیەدا بن، هەر یەكەوە بە تەفسیری تایبەتی خۆی؛ بەڵكو بە پلەی سەرەكی ئەوە ئەو رۆڵەیە كە لە ژیانی كۆمەڵایەتی و سیاسی وخەباتی چینایەتی ناو كۆمەڵگەكاندا دەیگرن، وایان لێدەكات ئەو خاسیەتە هاوبەشیان هەبێت.

ئیسلامی سیاسی وهێزە ئیسلامیەكان بزوتنەوەیەكی سیاسی چینایەتی نێو كۆمەڵی سەرمایەداری هاوچەرخە، نە ئیسلامی (٦٠٠) ی زاینییە و نە ئیسلامی زەمانی دەربەگایەتی وسوڵتانە عوسمانییەكان. ئیسلامی سیاسی ئەمڕۆی دنیا بزوتنەوەیەكی سیاسی چینایەتی بۆرژوای دیاریكراوەو و بە هەزارو یەك رەگەء رایەڵەوە بەستراوەتەوە بە بۆرژوازی جیهانی و ناوچەیی و دەوڵەتەكانیانەوەو، سەرو كاری هەیە بە بزوتنەوە ئەسڵیەكانی ناسیۆنالیزم لە وڵاتانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بە ملیارەها دۆلار لەسەر ئەم بزوتنەوەیە سەرفدەكرێت، ودەوڵەتان و هێزە سیاسیەكان ومیدیا گەورە جیهانییەكان، سەرقاڵی بەرهەمهێنان ودووبارە بەرهێنانەوەیانن.

ئیسلامی سیاسی گەنجینەیەكی گەورە وئامرازێكی كاریگەرە، لە هەر وڵاتێك كە ئیمكانی ئەوەی تیا بێت، ئیسلامیزم ببێتە هێزێكی سیاسی، بە دەستی كۆنزەرڤاتیفی سیاسی بۆرژوا ئیمپریالیستی جیهانییەوە بۆ دامركاندنەوەی هەر

هەڵچوونێکی شۆڕشگێڕانە وسەرکوتی شۆڕشی سۆشیالیستی کرێکار، بە تایبەت لە وڵاتانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەراستدا. ئیسلامی سیاسی هێزی دژە شۆڕشی بۆرژوازیە، نمونەیەکی لە ناوچەکەدا رژێمی جمهوری ئیسلامیە، کە بۆ پتر لە (٣٠) ساڵە لە ئێراندا حوکمرانی دەکات ولە سەرئێسك وپرۆسکی تێکشکاوی شۆڕشێکی گەوەری کۆمەڵایەتی لە ئێراندا ژیانی خۆی بەسەر دەبات. ئەمرۆش ئیسلامی سیاسی لە میسر وتونس بە شێوەیەکی تر لە پرۆسەیەکی کەدا هەمان ئەو رۆڵە دەبیین، هەمان رۆڵی دژایەتی شۆڕش و دامرکاندنەوەی وبەفیرۆدانی هەوڵء تەقلای شۆڕشگێڕانی ملیۆنەها ئینسانی کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخواز لە شۆڕشەکانی تونس و میسردا.

ئەوەی کە خۆین دەسۆڕێنی لە جەستەی ئیسلامی سیاسییدا، ناکۆکی چینایەتی وپێداویستیەکانی بۆرژوازی هاوچەرخە بە هێزێکی کۆنزەرڤاتیفی لەم چەشنە، بۆ درێژەدان بە سەرمایە وسەرمایەداری وپیش گرتن بە پەرەسەندنی خەباتی کۆمۆنیستی وسۆشیالیستی چینی کرێکار وهەر پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی وبەرەوپێشچوونێکی رزگاریخوازنە وشۆڕشگێڕانە. ئیسلامی سیاسی لەم پاگە کۆنزەرڤاتیفانییەوە بەرزبوەتەوە لە پەراوێزی کۆمەڵکەکانەوە بۆ ناو مەرکەزی سیاسەت وسەر شانۆی سیاسی کۆمەڵەکان لە ناوچەی روژهەڵاتی ناوەراستدا. هەر لەم شوێنە چینایەتی وکۆنزەرڤاتیفیەوەیە، ئیسلامی سیاسی، وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی بۆرژوازی، لە شەردایە لە بەرامبەر بۆرژوازی جیهانی وناوچەیی وناوخۆیدا لە سەر بەتاڵانبردنی بەشی خۆی لە زیادبایی، بەرهەمی کاری کرێکاران لەم وڵاتانەدا ولە سەر سەرەوت ودەسەڵات.

سەرمایە وسەرمایەداری، دەمێکە زەمانی پێشکەوتنخوازانەی بە سەرچووە، دەمێکە جیهان دەبوایە پێی بنایەتە نێو سەرەتای بونیاتنانی مێژووی واقیعی خۆی لەگەڵا گۆڕکردنی ئەم نیزامەدا، هەربۆیە لە ئێستادا سەرمایە و سەرمایەدرای تەنها دەتوانێ وەك نیزامێکی ئابوری وکۆمەڵایەتی پاراسیت بەردەوام بێت وناتوانێ لە کۆنزەرڤاتیفی سیاسی زیاتر، شتێکی دیکە سۆپەر ستراکچەری سیاسی بێت. ئیمپریالیزم لەگەڵا خۆیدا کۆنزەرڤاتیفی سیاسی، جەنگء کوشتاری ملیۆەها ئینسان، کێشمە کێشی جەمسەرە جیهانییەیەکان و جەنگی وەکالەت لەوڵاتانی جۆراوجۆردا، فاشیزم وئیسلامی سیاسی وهێزە قەومی ودینی وتائیفیە توندرەوەکانی لەگەڵا خۆیدا هێناوە. ئیسلامی سیاسی لە نێو ئەم چەقینەی بەشەریەت لە نێو لیتاوی ئیمپریالیزمی جیهانیدا جێگەی بووەتەوە وگیانی بە بەر خۆیدا دەهێنیتەوە. ئیسلامیستەکان لە جێگەیەکی ناجۆر لە مێژووی بەشەریەتدا وەستاون وهیچ شتێك ناتوانی گرێیان بداتەوە بە رەوەندی پێشکەوتنی مێژووەوە. کۆنزەرڤاتیفی بوونی سەرجەم هێزە ئیسلامیەکان، ئاکامی جێگەی واقیعیانە لە خەباتی چینایەتی و رێچکەی مێژووی بەشەریەتدا، نەك هەڵێنجراوی تەبیلغی سیاسی کۆمۆنیستەکان و مارکسیسیت وپێشکەوتنخوازکان بێت.

*ئیسلامیەکانی کوردستان و بەتایبەتی یەکگرتووی ئیسلامی، دەیانەوێت سەرکردایەتی گۆڕانکاری بکەن لەکوردستان و کۆپی ئیخوانەکان بن، پێیتوایە بۆیان دەکرێت، یان کۆمەڵگەی کوردستان زۆر جیاوازترە لە میسر و تونس و دیموکراسی وجودی لێرە هەیە؟

-بە رای من بوون ونەبوونی دیموکراسی وئازادی سیاسی دەوری نییە لەسەرشیکردنەوەی جێگەو رێگەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا وچییان پێ ئەنجامدەدری وچییان پێ ئەنجام نادرێ. پرسیارەکەت وا دەگەیەنێ کە لەبەرئەوەی ئازادی ودیموکراسی هەیە لە کوردستاندا، ئیتر زەمینەی ئەوە نییە کە ئیسلامی سیاسی گەشە بکات، لە وەڵامدا دەڵێم کە نە ئەو هاوکێشەیە دروستە ونەواقیعیەتەکانیش وەهان، چونکە لە کوردستاندا ئازادی سیاسی بە مانای وردی وشەکە لە ئارادا نییە وباشترین بەڵگەش بۆ ئەوە خۆپێشاندانەکانی خەڵکی کوردستانە لە بەرهاری (٢٠١١) بە دژی حکومەتی هەرێم.

بەڵام لەگەڵا ئەمانەشدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئیسلامی سیاسی نە ئەهلی گۆڕانکاریەء نە گۆڕانکاریش بابەتی کاری ئەوەو، نە فەزاو ژینگەی کۆمەڵایەتی وفکری وسیاسی کوردستانیش جێگەیەکی تەختە بۆ ئیسلامی سیاسی، تا تەجربەی ئیخوانەکان بە ئاسانی تیایدا دوبارە بکرێتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە ئیسلامیزم لە میسر هەر ئێستا و بە تایبەت لە ئاکامی رووبەرووبوونەوەی هێزەکانی شۆڕش وخەڵکی ئازادیخواز بە روویاندا، دەرگیری کێشەیەکی گەورەن و ئەو ئومێدەی رەواندوتەوە، کە ئیسلامیستەکان زۆر بە حەماسەوە رایاندەگەیاند، کە گوایا سەرەتای دەوریەکی تازە لە گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی، بە تایبەت لەگەڵا سەرکەوتنی ئیخوانەکاندا، فەراهەم هاتووە.

یەکێك لەو مەیدانانەی کە ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا سودی لێوەرگرتوە، بۆ کارو کەسابەتی سیاسی خۆی، تەجروبەی تاڵ وپڕ مەینەتی خەڵکی کوردستانە لەگەڵا

حاکمیەتی ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی کورد. بە تایبەت گەر ئەوەمان لە بەرچاو بێت کە ناسیۆنالیزمی کورد بێ دەسەڵاتە لە بەرامبەر هەر چاکسازیەکی ریشەیی لەلایەك، ولە لایەکی دیکەوە، ناشیەوێت دەستبەرداری گەنجینەی سیاسی ئیسلامی سیاسی بێت، بەهۆی ترسی لە فۆرم گرتنی رەوەندی سیاسی شۆرشگێرانە وسۆشیالیستی لە کوردستاندا. لە واقیعیەتێکی ئاوادا ئیسلامی سیاسی وەك رەوتێکی کۆنزەرڤاتیف دەتوانی زەمینە بو کاروباری خۆی بدۆزیتەوە. ئەم چیرۆك وسیناریۆیە وئەم یەکانگیربوونەوەیەی کۆنزەرڤاتیفی سیاسی دینی ودەسەڵاتی سەرمایە واقیعیەتەکانی دونیای سەردەمە و لە هەر شوێنەو بە جۆریك دووبارە دەبێتەوە، هەر بۆیە بە درێژایی دوو دەیەی رابردو شان بە شانی حاکمیەتی ناسیۆنالیزمی کورد لە کوردستاندا بزوتنەوە ئیسلامیەکانیش کەم تا زۆر درێژەیان بە خۆیان داوە لە پەراوێزی ژیانی سیاسی کۆمەڵدا نەك لە چەقیدا.

بەڵام لەگەڵا ئەم واقیعیەتانەشدا ئەوەی کە فەرشی لە ژێر پای ئیسلامی سیاسی راکێشاوە لە کوردستاندا، رەوندی سیاسی وکۆمەڵایەتی وفکرییەکەیە، وئەو رەوندانە وپەرەسەندنانە کە ناهێڵێت ئیسلامی سیاسی ببێتە هێزێکی سیاسی ئەڵتەرناتیڤ وەك ئیخوانەکانی میسر. لەم بوارەدا دەتوانم ئاماژە بدەم بە دوو لەو رەوندانە:

یەکەم: هێزی چەپ وکۆمۆنیزم وپێشکەوتنخوازی ومەدەنیەت وعلمانییەت، هێزێکی گەوەریە لە کوردستاندا بە هەموو گیروگرفتێك کە توشی هاتووە وبە هەموو پاشەکشیەك کە دەرگیری بووە، بە تایبەت لە رووی کاریگەری راستەوخۆیەوە لەسەر رەوندە سیاسیەکان، کوردستان مەڵبەندی سەرهەڵدان ودروستبوونی چەپ وکۆمۆنیزمێکی ماکزیمالیست ومارکسیست وئینتەرناسیونالیست بووەء هەیە، کە بە تایبەتی لە یەك دوو دەیەی دواییدا، رۆڵی بەرچاو بووە. ئەم رەوتە فکری و سیاسیەی چەپ، هەر لە سەرتاوە بە تایبەت کەوتە رووبەڕووبونەوەی ئیسلامیزم وناسیۆنالیزم وئایدیۆلۆژی وسیستمە سیاسیەکانی تری بۆرژوزای کە دەتوانم بڵێم نمونەی نەبووە لە وڵاتانی ناوچەکەدا وتەنانەت لە تەجروبەی کۆمەڵەی ئەو کاتی ئێران، رادیکاڵا تر و رۆشن تر، چووە مەیدانی رووبەڕووبوونەوەی ناسیۆنالیزمی کورد. ئەو چەپە ئێستا هێزەکانی پەرژوبڵاوە، بەڵام داینەمیزمی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵ وخەباتی چینایەتی وەك رەوتێکی سیاسی وفیکری خاوەن مێژوو وکاریگەر لە کوردستاندا هەمیشە دەیکات سەنگەرێکی گەورە و لە بن نەهاتوو بەرامبەر ئیسلامی سیاسی وکۆنزەرڤاتیفیدا.

ئەمە لە لایەك، لە لایەکی کەوە، کوردستان بە دەر نییە لە تەوژم و ئاسەوارەکانی شۆڕشی تونس ومیسر وهێشتا شەپۆلەکانی ئەم هەڵمەت وتەکانە کۆمەڵایەتیەی کرێکار وزەحمەتکێش ولاوانی کچ وکوری ئەم دوو وڵاتە دانەمرکاوەتەوە وچەپ وکۆمۆنیزم و رزگاریخوازی وشۆڕش جارێکی کە کەوتنەتەوە دەستور وئەجێندەی رۆژەوە بە تایبەت لەم ناوچەیەدا. لەم نێوەدا ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا بەشێکە لە هێزی دژە شۆڕش، هەرچەندە بە کاتی ئیخوانەکان لە میسر شوێن پای خۆیان لە نیزامی سیاسی پەرلەمانیدا دۆزیوەتەوە، بەڵام تەنها وەك هێزێکی دژە شۆڕش وسەرکوتی داواکاری وئامانجە شۆڕشگێرەکانی خەڵك دەتوانن بەردەوام بن. ئەمەش لە کێشمە کێشی زیاتری سیاسی وریسوابوونی دەوری ئیسلامی سیاسی چەشنی ئیخوان وغیرە ئیخوانی لێ نابێتەوە و لە کوردستاندا.

دووهەم: کۆمەڵگەی کوردستان چەقی بەستوە بە دەوری مەسەلەیەکی سیاسی تەوەرییدا، کە مەسەلەی نەتەوایەتیە و هێشتا ئەم مەسەلەیە کاریگەریی خۆی هەیە وناتوانرێ بوترێت کە کۆتایی پێهاتووە. هەر بەو پێەش هەتا ئێستاش ئاسۆی سیاسی قەومی زاڵە بە سەر رەوندی سیاسی و ئەجێندە وبەرنامەی زۆربەی هەرە زۆری حزب وهێزە سیاسیەکانی بۆرژوازی و وردە بۆرژوای کوردستان بە حاکم وبە ئۆپۆزسیۆنییەوە. ئەم واقیعیەتە سیاسیە رێگریە کە لەبەردەم ئیسلامی سیاسی وبە ئاسانی جێگای نابێتەوە لە ناو خودی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد لە کوردستاندا، لەگەڵا ئەوەشدا کە وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی ئاینی دەیەوێت ناسیونالیستانە رفتار بکات و خۆی دور رانەگریت لە فەزای ناسیۆنالیستی زاڵا وسود وەرگرێت لە ناکامیەکانی ناسیۆنالیزمی کورد.

مەسەلەی کورد وچارەنوسی سیاسی کوردستان

لەگەڵ ئاڵۆگۆڕیەکانی ئەم دواییانە لە ناوچەکدا، لەگەڵ توندوتیژتربوونەوەی کێشمە چەمسەرە ئیمپریالیستی وهاوپەیمانە ناوچییەکانیان وڵەگەڵا تێکچوونی زیاتری بارودۆخی سوریا، بەرین ترو ئاڵۆزتر بووە. ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا وەك بەشێك لە هێزی دژە شۆڕش لە ناوچەکەدا و بەشێك لە بزوتنەوەی کۆنزەرڤاتیفی سعودیەکان وتیخوانەکان و»سوپای ئازادە»کانی سوریا وئیسلامیستەکانی تورکیا کارو کاردانەوەیان هەیە ودەبێت. نە دەتوانن پەرچەمێکی سیاسی ناسیونالیستی کوردی سەربەخۆ بن و نە بە حوکمی لە خەباتی چینایەتی وجەماوەری ناوچەکەدا دەتوانن کارێ بکەن.

*فاکتەری لاوازبوونی (مارکسیزم) و کاریگەری گلۆبالیزەیشن لەسەر ناسیۆنالیزم دوو فاکتەر بوون بۆ بەهێزبوونی ناواقیعی فەندەمێنتالیزم، یان فاکتەری تر هەبوون؟

-پێش ئەوەی وەڵامەکەم بچێتە سەر باسی ئەو دوو فاکتەرە، ئەمەوێت سەرنجت بۆ ئەوە رابکێشم کە فاکتەری زۆر سەرەکی و گرنگ هەن، کە ئیسلامی سیاسی بەم شوێنە گەیاندوە. لەم راستییەدا دەتوانم ئاماژە بەسیاسەت وستراتیژی خودی دەوڵەتی ئەمریکاو رۆژئاوا بدەم، کە چۆن پزوتنەوەی ئیسلامی سیاسییان پەروەردە کردوە، چۆن هەول تەقلایان داوە بۆ ڕێکخستنیان وئارایش پێدانیان وەك حزب وهێزی سیاسی بە دژی هەر بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازی وسۆشالیستی وهەر ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێرانە، بە تایبەت لە وڵاتانی عەرەبی و روژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەوانە هەمووی فاکتی مێژووین و کەس ناتوانی ڕەتیان بکاتەوە. نەك هەر ئەمەش بەلکو هەول تەقلاکانی مخابەراتی ئەمریکی و رژێمی سعودی وپاکستان، بە تایبەت لە ناوەڕاستی هەفتاکانی سەدەی ڕابردودا، بۆ سازدانی گروپە جیهادیست وتیرۆریستە ئیسلامیەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵا هێزەکانی دەوڵەتی سوڤیەتی تەو کات لە ئەفغانستان لە کەس شاراوە نییە. فاکتەرێکی کەی بناغەیی هەبوون و درێژەدانە بە ئیسرائیل، وەك دەوڵەتێکی قەومی - دینی لە ناوچەکەدا وسیاسەت وستراتیژیەتی شۆڤێنستی ودینی ویەهۆدیگەرایانەی ئیسرایلء داگیرکاریەکانی ئەو دژ بەفەلەستییەکان وڵاتانی عەرەبیء دژ بە ئازادیخوازی و یەکێتی خەباتی شۆڕشگێرانەی خەلکی ناوچەکە. ئەمە جگە لەوەی لەگەڵا پەیدابوونی جمهوری ئیسلامی لەئێران وپان ئیسلامیزمی ئەم ڕژێمەء وزەو توانایەکی کردوە بەجەستەی ئیسلامی سیاسیدا لە ناوچەکەدا. هەولء تەقلاکانی وڵاتانی سعودیە و کەندأوی عەرەبی و ئامرازە میدیاکانی چەشنی کەناڵی ئەلەجزیرە. هەمووی کاریگەریان هەیە لە سەر ڕاگرتن و بەزۆر فەرز کردنی ئیسلامی سیاسی، وەك ڕەوت و هێزێکی سیاسی بە سەر کۆمەڵگەکانی ئەم ناوچەییدا. هەروەها سیاسەتی ڕەسمی ڕۆژئاوا وگوێ نەدان بە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەت یەکسانی و ئازادیەکانی ژنان و تەبریرکرنیان لە ژێر ناوی کەڵچەر و کلتوری تایبەتی ئەم وڵاتانەدا، هەم دەورەیەکی ڕیاکارانەی تری بۆرژوازی ڕۆژئاوا بۆ ساتء سەوداى لەگەل ئیسلامی سیاسیدا و مانەوەیان بە سەر سنگی خەلکی ئەم ناوچەیەوە.... هتد. سەرباری ئەمانە هەموویان تیرۆریزمی دەوڵەتی و غەیری دەوڵەتی ئیسلامی سیاسی، فاکتەرێکی بناغەییە لە درێژەدان بە بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی.

ئێستا بابێمەوە سەر باسی ئەو دوو فاکتەرەی کە ئاماژەت پێداوە لەپرسیارەکەتدا. هەردوو ئەو فاکتەرانە دەوریان هەبووە بە شێوەیەك، بەڵام تێروانینم بۆ دەوری ئەو دوو فاکتەرە بەم جۆرەیە. لەگەڵا دارمانی بلۆکی ڕۆژهەلات ویەکێتی سوڤیەت، بۆرژوازی جیهانی هاتە دەست وتیکشکاندنی ئەم بلۆکەی وەك تیك شکاندنی کۆمۆنیزم تەبلیغ کردو، لە کاتێکدا کە ئەم بلۆکە شتێك نەبووە، جگە لە بلۆکی کۆمۆنیزمی بۆرژوازی، بلۆکی سەرمایەداری دەوڵەتی بەرنامەڕێژکراو کە بە ناوی کۆمۆنیزمەوە خۆی ناساندبوو بە جیهان، وەك کۆمۆنیزمی ڕەسمی ناسرا بوو. هەتا ئێستاش ئەو هێرشە بەردەوامە و لەشکرێکی گەورەی جیهانی لە نوێنەرانی سیاسی و فکری بۆرژوازی . بە دەوڵەت وحزبەکانییەوە، بە میدیاو زانکۆکان وناوندە ئەکادیمیەکان و ریزی سەدان هەزاری موفەکیر ونوسەران و بەرگریکەرانی سیاسی و فیکری لە سەرمایە و سەرمایەداری بازاری ئازاد و نێو لیبرالیزم، کەوتنە گیانی بەشەریەت، تا ئەو فرسەتە لە دەست نەدەن. کە ڕوخانی ئەم بلۆکە وەك ڕوخانی کۆمۆنیزم و هەر بیر وبزوتنەوەیەکی ئازایخوازی تەبلیغ بکەن. لە دەرونی ئەم تەبوتۆزەدا بوو کە فۆکۆیاما وتی» ئیتر سەرمایەدرای سەرکەوتوە»وکۆتایی مێژووە». دیارە ئەم هێرشە بەرین و هەمەلایەنەیە وبە پال پشتی ئەمریکا ورۆژئاوا وگەیاندنی بە هەموو شوێنێکی جیهان، کاریگەری وفشارێکی گەورەی خستە سەر کۆمۆنیزم و ئەڵتەرناتیڤی سۆشیالیستی وکۆمۆنیستی وریزێکی بەرین لە چەپ وئازادیخوازانی کردە قوربانی. جگە لەمە ئەم هێرشەی بۆرژوازی بۆ سەر هەر بیرێکی چەپ وئازایخوازی وکۆمۆنیزم وسوشیالیزم ویەکسانی خوازی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخو، بووە هۆی بەهێزبوونی بیر وئایدیۆلۆژیای کۆنزەرڤاتیف لە چەشنی بزوتنەوەی ئیسلام سیاسی، تەنانەت بزوتنەوەی فاشیستی وناسیۆنالیزمی تونددڕەوو.

بە هەرحاڵا، ئەمەوێت ئەوە بێڵێم کە بەدەر لەوەی کە مارکسیزم لاواز بووبێت یان نا، بە گوێرەی سروشتی بارودۆخەکە، ئەو هێرشەی بۆرژوازی جیهانی لەلایەن هەموو ڕەوتە سیاسی وئایدیۆلۆژیەکانییەوە، بەتایبەت نیو لیبرالیزم

و جەنگخوازی بالی راستی بۆرژوازی جیهانی، دەوریەکی گەورەی هەبوو لە مەیدان خۆشکردن بۆ نەشونماکردنی ئیسلامی سیاسی. ئەوە ئاشکرایە کە هەر ئیسلامی سیاسی گەشەی نەکرد لەو دەورانەدا، بەڵکو ناسیۆنالیزمی توند رووی چەشنی ناسیۆنالیزمی فاشیستی سربی لە یۆگۆسلافیا ولە وڵاتانی باڵکاندا کڵپەیان سەند. ئاکامی ئەو هێرشە بەرینەی بۆرژوازی بو سەر کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی وسۆشیالیزم وبەها ئیسناینەکان و هەر جۆرە پەیوەندیەك بە کۆمەڵگە وکولیکتیفیزم وهەویەتی ئینسانی، بە راستەوخۆ وناراستەخۆ، بەشدارە لە زەمینە خۆشکردن بۆ سەرهەڵدانی کۆنەپەرەستی سیاسی، لەوانە فاشیزم وئیسلامیزم.

بەڵام سەبارەت بە گڵۆباڵیزەیشن و کارکردنی لەسەر ناسیۆنالیزم. ناسیۆنالیزم لەگەڵا گڵوبەلیزەیشن نە کۆتایی پێهاتووە نە هێندەش لاواز بووە، هەموو دەورانە گەورەکانی گڵۆباڵیزەیشن لە مێژووی ئابوری جیهانی لە سەردەمی سەرمایەداریدا، هەر یەکە بە جۆریك جێگای ناسیۆنالیزمی تیابووەتەوە و بە شێوەیەك لە شێوەکان بەردەوام بووە وئەمە بۆ خۆی ناکۆکیەکی چارەنەکراوی خودی حەرەکەتی سەرمایە وسەرمایەداریە لە جیهاندا. پلەی پەرەسەندنی جیاوازی سەرمایەداری لە وڵات و کۆمەڵە وڵاتی جیاجیادا لە پرۆسەی حەرەکەتی سەرمایەدا، بناغەی فۆرمگیری جەمسەرە ئابوریەکان وکێشمە کێشی نێو دەوڵەتیە. ئەم دەوریەی گڵۆباڵیزەیشن کۆتایی بە کێمشە کێشی جەمسەرە ئابوریەکانی جیهان نەهێنا، بەڵکو ئەو جەمسەرانەی بە فۆرمێکی دیکە ولەسەرئاستی چەند وڵاتێکی تردا بەرهەمهێنایەوە، بە تایبەت لە ماوەی دوو سێ دەیەی دواییدا. ئەوەندەی کە پەیوندی بە وڵاتانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە بێت ناسیۆنالیزمی عەرەبی وپان عەرەبیزم، پاش پتر لە دوو دەیە لە سەربەخۆبوونی لە وڵاتانی ئیمپریالیستی وحوکمکردن بە ئاسۆ و ئایدیۆلۆژی ناسیونالیستییەوە، بە ئەڵتەرنتیڤی ئابوری سەرمایەدرای دەوڵەتی (سێکتەری گشتی) وتێکەڵا لەگەڵا سێکتەری تایبەتی ئابوری، نەیتوانی نە ئازادی سیاسی ونە خۆشگوزەرانی و نە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ بۆ خەڵك فەراهەمکات. ئەمە بۆ خۆی زەمینەی سەرهەڵدان وپەرەسەندنی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی خۆشکرد، هەروەها تێکشکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی وپان عەرەبیزم لە جەنگی عەرەب -ئیسرائیل لە (١٩٦٧) دا فەزای بۆ ئیسلامیەکان کردوە کە وەك «فوئاد عەجمی «، نوسەری پرۆ ئەمریکی، ئاماژەی پێدەدا، کە بڵێن کێشە لە دیندا نەبوو، کەنەتوانرا ناسیۆنالیزمی عەرەب جەنگ بباتەوە لە ئیسرائیل، کە دەوڵەتێکی دینییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەوڵەتێکی ئیسلامی دەتوانی ئەم کارە ئەنجامبدا وئیسرائیل وەك دەوڵەتێکی دینی شەری بردەتەوە. ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە دوو سی دەیە رابردودا لەگەڵا رەوەندی بازاری ئازاد تێکەڵ بووە ولە دەرونی گڵۆباڵیزەیشنی دوو سی دەیەی رابردودا درێژەی بە خۆیدا، بەڵام بە شێوەیەك کە ناکۆکیەکانی دەرکەون وئەنجامەکەی شۆڕشەکانی تونس ومیسری لێهاتە دەر.

ئەوە راستە کە شکستی ناسیۆنالیزمی عەرەبی وپان عەرەبیزم، بوەتە هۆی گەشەکردنی ئیسلامی سیاسی، بەڵام نەك لە پەیوندبەوەی کە گڵۆباڵیزەیشن ناسیۆنالیزمی بیهێز کردبێت، چونکە لە دەرونی بالیزەیشندا جەمسەرە ئابوریە جیهانییەکان دەرکەوتون و بەدەوری ئەم جەمسەرانەشدا، ناسیۆنالیزمی ناوخۆیش دەتوانێ کەسب و کاری بە شێوەیەك رێك بخاتەوە. هەر بوەیە گەر مەبەستت ئەوە بێت کە گڵۆباڵیزەیشن ناسیۆنالیزمی لە رەوەندی ئابوری خۆیدا بی هێز کردبێت، ناتوانم تەئیدی بکەم، چونکە هەر وەك وتم خودی گڵۆباڵیزەیشنی هاوچەرخ لە درەونیدا گەشەی بە جەمسەرە ئابوری وسیاسی ودەوڵەتیەکانی جیهان داوەتەوە وناسیۆنالیزم بە گشتی لەم فەزایدا دەتوانێ کاری خۆی ئەنجام بدات، بە شێوازی جۆراوجۆر.

*دەکرێت هێزە ئیسلامگەراکان وەکو پۆپۆلیست ناوبەرین، چ لە ناوچەکە و چ لە کوردستان؟ وەکو چۆن هەندێك لە چەپەکان بە ریڤیزیۆنیزم ناو دەبرێن؟ واتا خۆگونجاندن لەگەڵا هەموو شت لە پێناو چەند مەبەست و مەرام و دەستکەوتێك؟ دەبێ رۆڵی هێزە چەپەکان لەم ئاڵوگۆڕانە مانای لادان و پشتکردن نییە لە چەمك و

فەلسەفەی مارکسیزم؟

–نە ئیسلامیەکان پۆپۆلیستن بەو مانایەی کە شوێنکەوتەی خەڵك بن ونە باڵی چەپی بۆرژوازیش ریفیژنیستە. پۆپۆلیزم بەمانای کەوتنە شوێن جەماوەر وتەقدیسی هەر کار وهەر کردەوەیەکی سیاسی خەڵك تێروانینێکی سەروچینایەتیە بۆ سیاسەت. پۆپۆلیزم خەڵك دەبینێ، بەڵام چینە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە. ئەو خەڵکەی لێ پێکهاتووە نابینێ، ئەم جۆرە پۆپۆلیزمە رەوت وتراديسيونێکی سیاسی ناو چەپە، کە زیاتر لە ماویزم و بۆچوونەکانی «ماو تسی تۆنگ» دا خۆی فۆرمووڵەکردوە. پۆپۆلیزمی چەپی خەڵك گەرا پاشکۆی بزوتنەوە خەڵکیەکانە کە لە واقیعیشدا نوێنەرایەتی باڵی چەپی بۆرژوازی دەکات وسازشکاری چینایەتی نێوان کرێکاران وبورژوزای پیادە دەکات.

بەپێچەوانەی ئەم شێوە کارەی پۆپۆلیزم وچەپی خەڵك گەرا، ئیسلامی سیاسی بزوتنەوەیەکی چینایەتی بۆرژوازی تەواو هۆشیار و رێکخراوە وسەروبەدەنی بە هەزارو یەك رایەڵەوە بەندە بە بۆرژوازی جیهانی وناوخۆ وناوچەیی وودەوڵەت وهێزەسیاسیەکانییەوە و باش دەزانێ چیدەکات. چونە ناو خەڵك ونزیکبوونەوەی ئیسلامی سیاسی لە خەڵك و بەرینکردنەوەی تۆڕەکانی شەبەکەی ئیغاسەی ئیسلامی وسیاسەت کردن بە گوێرەی بەرژەوەندی رۆژ بەشێکە لە سیستمی کارکردنێکی رێکخراو ونەخشەدار بۆ دروستکردنی خۆش باوەری لە ناو خەڵکدا بە سیاسەتەکانیان ورابەریکردنی خەڵکە بە ئاراستەیەکی دیاریکراو وکۆمەڵە ئامانجێکی سیاسی وستراتیژی دیاریکراو. هەر بەو پێیەش وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی و فکری بۆرژوازی خاوەن سەروسیمای تایبەتی خۆی کار دەکات. ئیسلامیزم بەرگریکەری خاوەندارییەتی تایبەتە بۆ ئامرازەکانی بەرهەمهێنان وگواستنەوە ودوژمنی سەرسەختی یەکسانی نێوان ئینسانەکان ورزگاربوونیانە لە دەستی زوڵم وزۆری سیستمی چینایەتی، تەنانەت ناتوانێ ئەم خاسیەتە چینایەتی خۆی لە ژێر سێبەری ئایدیۆلۆژی ئیسلامی سیاسیدا بشارێتەوە. دیارە لە سەروو هەموو ئەمانەوە، ئیسلامی سیاسی بزوتنەوەیەکی دژە ژنە بەهۆشیاری تەواوە بەکۆیلەکردن وبەکەم دانانی ژنانی کردەتە کاروپیشەی رەسمی خۆی.

سەبارەت بە تێرمی ریفیزنیزم ئەمەوێت ئەوە روون بکەمەوە، کە بە لانی کەمەوە ئێمە وەك رەوتی کۆمۆنیستی کرێکاری، بروامان بەوە نییە کە چەپ ریفیژینسیت بێت و بە هۆی لادانی لە مارکسیزم کەوتبێتە هەڵەوەو کاری نامارکسیتانەو نا کۆمۆنیستانە بکات، بە پێچەوانەوە ئەو رێکخراو وڕەوتە «ریفیژنیست»انە بۆیە مارکسیزم دەشێوێنن، چونکە لە بناغەدا پێویستیان بەوەیە تا ئەرك و وەزیفەی سیاسی وچینایەتی خۆیان وەك بەشێك لە بزوتنەوەی سیاسی وکۆمەڵایەتی بۆرژوازی زاڵ لە ناو کۆمەڵگەکاندا ئەنجامبدەن. مەنسوری حیکمەت زۆر بە تێرو تەسەلی لە نوسراوەکەیدا «جیاوازیەکانمان»،ئەم تێروانیینە ماتریالسیتە میژوویییە بەکاردەهینی وروونیدەکاتەوە.

بەڵام لە وەڵامی بە بەشی دوایی پرسیارەکەت دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە کۆمۆنیزم وبزوتنەوەی سۆشیالیستی لەوڵاتانی عەرەبی و رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، ناتوانێ گەشەبکات، گەر رادیکالانە سنوری خۆی نەکێشیت لەبەرامبەر هەموو بزوتنەوە سەرەکی وکاریگەریەکانی بۆرژوازی، بە تایبەت وبە دیارکراوی لەم وڵاتانەدا بەرامبەر ناسیۆنالیزم وئیسلامیزم. بەشێکی گەورە لە چەپ هەتا ئێستاش ئاسۆی سیاسی و فیکریەکی هەڵێنجراوی ئاسۆ سیاسی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمە لەو وڵاتانەدا و نە پەیوەستە بە بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی چینی کرێکار ونە ئاسۆی سۆشیالیستی چینی کرێکار پێچەوانەوە دەکاتەوە لە سیاسەت وپراکتیك وستراتیژیەتیدا. ئەم شێوە سیاسەت و کردەوەیە هیچ نزیکایەتیەکی بە مارکسیزمەوە نییە، بەڵکو سازشی سیاسی وفکری وچینایەتیە لەگەڵا ناسیۆنالیزم و هەر لەم راستییەشدا و بە پلەی جۆراو جۆر لەگەلا ئیسلامیزم. خاڵی لاوازی وریشەیی چەپ لەم وڵاتانەدا ئەم دانەبرانەیەتی لە ئاسۆی سیاسی بزوتنەوەکانی بۆرژوای بە تایبەت لە ناسیۆنالیزم .

کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم لەم وڵاتانەدا ناتوانێ گەشەبکات بەبێ رووبەڕووبوونەوەیەکی شۆڕشگێرانەو رادیکاڵانە بەرامبەر ئەم بزوتنەوانە، ئەوەندەی پەیوندی بە ئیسلامیزمەوە بێت سازشکاری لە گەڵیان سازشی چینایەتییە بەدڵنیاییەوە وازهێنانە لە مارکسیزم و کۆمۆنیزم، ولە لاوازبوونی کۆمۆنیزم ومارکسیزم شتێکی دیکەی لێ سەوز نابێت.

* تا چەند بەهاری عەرەبی کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان هەبووەو هەیە؟ بەوەی بەهاری عەرەبی بە بەهاری ئیسلامی سیاسی ناسراوە، ئایا بەهاری ئیسلامییەکان لە کوردستانوجودی هەیە؟

–وشەی بەهاری عەرەبی لەگەڵا ئەوەشدا کە تێرمێکی سەرنجراکێش وقەشەنگە، بەڵام لەبارى سیاسیەوە ناتوانێ واقیعی ئەوەی کە لە وڵاتانی عەرەبیدا رووبداوە رووبکاتەوە. کاریگەریەکانی شۆڕشی تونس ومیسر هەر زوو لە سالی پاردا گەیشتە کوردستان وخەڵك بۆ پتر لە دوو مانگ

کەوتنە خۆپیشاندان. ئەوە ئاشکرایە کە ئیسلامی سیاسی بە ئیخوانەکان وغەیرە ئیخوانەکانەو نەخش ورۆڵێکیان نەپوو لەو شۆڕشانەی تونس ومیسردا ولە پەراوێزیدا بوون، بەڵام ئەوەی کە دواتر ئیسلامی سیاسی وەک هێزێکی دژە شۆڕش بواری بۆ خۆش دەبێت لە هەڵبژاردنەکاندا ببیاتەوە، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە شۆڕش و راپەڕین لە پەیوندیەکی دژ بە یەکدان لەگەڵا ئیسلامی سیاسیدا.

ئیسلامی سیاسی تەنها و تەنها وەک دژە شۆڕش دەتوانێ کار بکات ودەور بگێڕێت. ئەمەش بە هۆی ئەو رۆڵەوەیە کە لە رەوندی مێژووی بەشەریەتی سەردەمدا لەم ناوچانەدا دەیگێڕێت وبەو ئەندازەیە ئەو دەتوانێ نەشونمابکات، کە هێزی شۆڕش وئەجێندای شۆڕش توشی پاشەکشە بوبێت. ئیتر بە چ مانایەک بڵێین ئیسلامی سیاسی دەوری دەبێت لەگەڵا هەر پەرەسەندنێکی بارۆدخی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان. بەپێچەوانەوە، شۆڕش لە کوردستاندا زۆر گیری خواردووە بەرووبەرووبوونەوەی شۆڕشگێڕانە بەرامبەر ئیسلامیزم نەک ئەوەی کە ئیسلامیزم بە هێز بکات. شۆڕش لە کوردستان مانای نابێت، گەر بێ مافی ونایەکسانی وقۆرخکردنی ئازادیەکانی ژنان رانەمالی وئەجندەی بۆرژوازیانەو کۆنزەرڤاتیفانەی ئیسلامی سیاسی، نەداتە بەردەم رەخنەی شۆڕشگێڕانەء ئینسانی کرێکارو چەوساوەی کوردستان وئازایخوازانی ئەم ولاتە، بەهێز بوونی کاتی هێزە ئیسلامیەکان لەگەڵا راپەڕینی خەڵک و هاتنە سەر شەقامیان تەنها دەتوانێ دیاردەی لاوەکی وکاتیی وناکاملی شۆڕش وهێزەکانی شۆڕش نیشانبدات. لە میسر ئەمرۆ بە ئاشکرا ئەم هاوکێشانە دەبیبین، کە چۆن ئیسلامیزم و بە ئیخوانکردنی رژێمی سیاسی شتێک نییە جگە لە دژە شۆڕش بوون. هێشتا لە میسر ئەم رووبەرووبوونەویە نەچووتە سەر مەسەلە کۆمەلایەتیەکانی وەک مەسەلەی ژنان و هێشتا لە چوارچێوەی گۆڕانکاریە سیاسیەکاندا قەتیس ماوە، هەر هەنگاوێکی بەم ڕاستایەدا گری شۆڕش کلپە دەکات وئیسلامیزم دەکەوێتە بەر هێرشێکی هەمەلایەنە.

ئەمرۆ لەگەڵا ئەوەشدا کە شۆڕش بەو هێز و توانایەی جاران نییە، بەڵام ئاسەوارەکانی بورکانێک کە ئەم شۆڕشانە دروستیانکردوە، هەروا بە ئاسانی وبەیەک سال دوو سال کۆتایی نایەت. ئەم ناوچەیە لەگەڵا ئەم شۆڕشانەدا پای ناوەتە شوێنێکی بەرز تر لە رێچکەی مێژووی خۆیدا وناگەڕێتە دواوە. ئەم گۆڕانکاریە وئەم شوێنە تازەیە لەگەڵا خۆشیدا زەمینەی رەخساندوە، کە شۆڕش وهێزی بزوێنەری شۆڕش وەک سەرەتا بکەوێتە سەر رێچکەی یەکالاکردنەوەی حساب لەگەل ئیسلامی سیاسیدا. هەر بۆیە گەر بە کاتیش ئیسلامی سیاسی لە رێگەی رۆڵی دژە شۆڕشەیەوە توانیبێتی بەهێز بووبێت، بە تایبەت لە میسر، بەڵام ئەوە ئەو راستیە ناشارێتەوە کە لە شوێنێکی نا جێگیر ونا زامندا وەستاوە. رووداوەکانی ئەم دواییانەی میسر وسوتاندنی بارەگا وئۆفیسەکانی ئیخوانەکان و بەردەوام بوونی ئەم رووبەرووبوونەویە، گوزارش لە رەوندی سیاسی ئالۆز تر دەدات، لەوەی کە بەرووکەش دەبینرێ ونیشانەی ناجێگیری مەوقیعەتیی ئیسلامی سیاسیە لەم ناوچەیەدا وسەرەتای کێشمە کێشێکی مێژوویە لە گەڵیاندا.

جگە لەوەی کە ئەم رەوند ولایەنە پڕ ناکۆکیانە، رۆڵ وموقعیەتی ئیسلامی سیاسی دەگرێتەوە لە کوردستان، لە هەمانکاتیشدا وسەرباری ئەمانەش ئیسلامی سیاسی دەرگیری کۆمەلێک رێگری جیدیی تایبەتە لە کوردستاندا، کە لە وەلام بە پرسیاری پێشوتردا ئاماژەم پێدان.

* ئایا دەکرێ کوردستان لە زمنی ئەو ولاتانەدا سەیربکرێ، کە دیموکراسی تێدایە، هەندێ لە بەرپرسان بە ئەوروپای دەچوێنن، لەکاتێکدا دیموکراسی لە کوردستان نە شێوەی ئەوروپایە و نە شێوەی ولاتانی عەرەبیشە، کەواتە دەبێت چۆن مامەلە لەگەل ئەو واقیعەدا بکرێ، چۆن دەکرێت ببێت یەکێک لەم ئەزمونانە؟

-گەر مەبەستت لە بوونی دیموکراسی لە کوردستاندا ئازادیەکی نیسبی چالاکی سیاسی فرە حزبییە، بەڵێ ئەوە جۆرێک لە ئازادی کاری سیاسی حزبی وهەڵبژاردن وچالاکی سیاسی لەم چوارچێوەیەدا هەیە، ئەڵبەتە ناتوانم بڵێم کە لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی پارتیدا، تەنانەت ئەم ئاستەش لە ئازادی سیاسی پارێزراوە، بەڵام ئەم دیموکراسیە حزبیە نەجێگیرە ونە مودێلێکە کە بناغەیەکی ئابوری هەبێت ونە توانی هێزە چینایەتیەکان بەو جۆرەی کە زەمانەتی بەردەوامبوونی بکات. ئازادی چالاکی سیاسی حزبی لە کوردستاندا، بارودۆخێکە کە تارادیەک فەرزکراوە بە سەر حزبە دەسەلاتەدارەکانی کوردستان وئاکامی مێژووی خەباتی سیاسی جەماوەری وچەپ وئازایخوازانە بە دژی ئیستبدادی رژێمی بەعس وستەمکاریی لە سەر خەڵکی کوردستان.

بەهەرحالا، خاسیەتی زاڵی دەسەلاتداریەتی بۆرژوازی لەکوردستاندا دەسەلاتداریی حزبییە وناتوانرێ سەروسمیای دیموکراسی بۆرژوازی ئەوروپا هەبێت. ئەڵبەتە لە

چەشنی وڵاتە دکتاتۆرەکانیش نییە. ئەم سیستمە سیاسی ودەسەڵاتدارێتیە هەم حزبیە وهەم گەندەڵی خاسییەتێکی بنەرەتیەتی وهەم تەنها لە ئاستێکدا کۆنترۆلکراودا بوار بە چاڵاکی سیاسی دەدات، ئەمە جگە لەوەی کە دوو ئیدارەییە. دەسەڵاتی حزب، هێزی چەکداری حزبی وتەبەعیەتی جواروجۆر حزبی فاکتەر ورەوەندی سیاسی سەرەکین، هەم لە سیستمی دەسەڵاتداریەتی بۆرژوازی کوردو هەم لە کێشمە کێشی سیاسی لە کوردستاندا، لەگەڵا ئەوەشدا کە هەڵبژاردن وپەرلەمان وئۆپۆزسیۆن هەیە. دیارە ئەم واقیعیەتە سیاسیە تێکەڵە لەگەڵا بزوتنەوەی ناسیۆنالیتسی کورد ومێژووی بوونی بە هێزی دەسەڵاتدار وهەروا بە ئاسانی وەلا نانرێت. چاکسازی وهەڵبژاردن وپەرلەمان و زیادکردنی دەنگە پەرلەمانییەکان، ناتوانن ئەم رەوندە سیاسییە بگۆڕن و بیکەنە سیستمێکی جیاواز، لەگەڵا ئەوەشدا کە هێزی ئۆپۆزسیۆن بە تایبەت گۆران فەلسفەی سیاسی خۆی لەمەدا گەڵاڵە بووەتەوەء باس لەم ئاڵۆگۆریە دەکات.

لەگەڵا ئەمانەشدا ئەوەندی کە پەیوندی بە ئازادی کاری سیاسیەوە بێت، لە وەڵام بە پرسیارەکەت دیارە ئەوە لە بەرژوەندی خەباتی کرێکاران و زەحکمەتکێشان کوردستانە ولە بەرژوەندی بزوتنەوەی سوشیالیستە کە کێشمە کێشی سیاسی نێو کۆمەڵ لەچوارچێوەی بەرینترین فەزای ئازادی سیاسی وئاواڵادا بەرەوپێش بچێت. خەبات بو ئازادی سیاسی بێ قەید ومەرج هەمیشە بەشێکە لە ئەرکی سیاسی کۆمۆنیستەکان وئازیخوازان.

* سەعید هجرس دەڵێت «دیموکراسیەکان لەو هەڵبژاردنەدا دۆراندیان (مەبەست وڵاتانی بەهاری عەرەبییە)، بەڵام لەوانەیە دیموکراسیەت سەرکەوتووبێت، چونکە کەسانی نادیموکراسی، میکانیزمەکانی دیموکراسی پیادە دەکەن؟

-دیموکراسیەت وەك سیستمێکی حوکمکردنی بۆرژوازی، کە پشتی بەهەڵبژاردن و ژماردنی دەنگە تاکەکان بەستووە، دەتوانری بەکاربهێنری بۆ هاتنە سەر کاری کۆنزەرڤاتیفترین هێز وحزبی سیاسی. پرۆسەی گەرانەوە بو دەنگدانی تاکەکانی کۆمەڵ خۆی لە خۆیدا ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتی نییە وهیچ شتێك ناڵێت لە بارەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وئازای ویەکسانی ئینسانەکان ورزگار بوون لە کۆت وبەندی سیاسی وفەرهەنگی چینی چەوسێنەر. هەر بۆیە ئەوە یەکێکە لە ئەگەرکان کە لە پرۆسەی دەنگدان وسیستمی هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا باڵی راستی بۆرژوازی وهێز وحزبە سیاسیەکانی لەوانە کۆنزێرڤەتیزم وئیسلامیزم وتەنانەت نازیەت، وەك لە ئەڵمانیا رویدا، بینە سەرکار وبەهەڵبژاردن بیبەنەوە. هەر لە ئاکامی ئەوەشدا، کۆمەڵگەکان دەرگیری کارساتی گەوەری بەشەری بکەن، لە چەشنی جەنگی جیهانی دووەهەم. هەروەك وتم، هەمیشە هێزە راسترەوەکان، دەتوانن سود وەرگرن لەم شێوەیەی سیستمی دەسەڵاتداریەتی چینی بۆرژوازی و بێنە سەر کار، ئەمەش بۆ خۆی کێشەیەکی مۆراڵی گەورەی خستوەتە بەردەم ئەم سیستمە. ئەم لایەنە مۆراڵیە ئەوە نیشاندەدات کە «دیموکراسی» پەرلەمانی وهەڵبژاردنی پەرلەمانی کێشەیەکی گەوەری هەیە. دیارە شتێکی گەورە نوقسانە، بۆیە ئەم سیستمە دەتوانێ فاشیزم ونازیزم بهێنێتە سەر کار. کۆمەڵ جگە لەوەی پێویستی بەوەیە لەسەر رێچکەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وئازادیخوازی ویەکسانیخوازی بێت وئەمە بۆبێتە مەسەلەی مۆراڵی ئەسڵی لە دەنگداندا لە هەمانکاتدا دەتوانی سود وەرگرێ لە شێوازی پاشەکەتوو تر، شێوازی هەڵبژاردنی راستەوخۆ وهەنوکەیی کە زیاتر لە سیستمی شوراییدا دەتوانرێ ئەنجامبدرێت.

هەربۆیە ئەوەی کە سەعید هجرس بردنەوەی ئیسلامیەکان، کە هێزی «نا دیموکراسی»ن، بە سەرکەوتنی «دیموکراسی» ناو دەبێت، گوایە لە بەرئەوەی کە میکانیزمەکانی «دیموکراسی» بووەتە میکانیزمی زاڵا، هیچ ناگەیەنی بو کۆمەڵ، چونکە ئاکامێکی کۆمەڵایەتی وسیاسی پێشکەوتن خوازانەی لێ دەرناهێنرێت. جگە لەمە لە راستیدا دەبوایە «سەعید هجرس» ئەم کێشە مۆراڵیەی ئەم سیستمەی دەربخستایە، نەك پیاهەڵخواندنیی و زیاتر لە بیری ئەوەدا بوایە، کە چۆن ئەو ناکۆکیە مۆراڵیە چارەسەر بکات، مانای واقیعی بردنەوەی ئیسلامیەکان، یانی شتێك نییە جگە لە هاتنە سەرکاری ئیسلامیەکان، یانی هاتنە سەرکاری هێزێکی سیاسی کۆنزەرڤاتیف ودژە شۆڕش ولە قاڵبدانی کۆمەڵ لە چوارچێوەی سیاسەت وستراتیژیەتی ئەم هێزەدا. هەر میکانیزمیك ئەم هێزەی کردبێتە هێزی حاکم، ناتوانرێ جێگەی ستایش بێت بە تەنها وبە سەربەخۆ لە پرۆسەکانی تر، لە گۆڕانکاریەکان وکێشمە کێشە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکانی تر، کە ئەو میکانیزمەی تیا بەرێوەدەبرێت. دیارە شتێك نوقسانە لەم شتە پاروزەی بۆرژوازیدا، کە پێدەوترێ هەڵبژاردن ودەنگدان، ئەویش باسنەکردنی ئەو واقیعیەتە چینایەتیە، کە ئیسلامیزم و نمونەکانی دەهێنێتە

ئایدیا والا
گۆڤارێکی فکریی ورومانگ
جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم

سەر کار.

ئەگەر بە وتەیەی «سەعید هجرس» بێت و ستایشی میکانیزمی هەڵبژارادن بە جیا وبە سەربەخۆ لە مەسەلەکانی کە بکەین، ئەوا دەبێ لەگەڵا هاتنە سەر کاری نازیزم لە ئەڵمانیا ، خەڵکی ئازادیخواز لە ئەڵمانیای ئەو کات دڵی خۆیان بەوە خۆش بکردایە، کە میکانیزمەکانی هەڵبژاردن پارێزراوە، ئیتر گوێنەدەن بەوەی کە هاتنە سەر کاری نازیزم کارساتی گەورەی لەگەڵا خۆیدا هێناوە. بە رای من دەبێ بە شوێن ئەوەوە بین، کە بۆچی وبە حوکمی چی ئیسلامیەکان کە هێزێکی راسترەو «کۆنزێرڤاتیزم»ن دەیبنەوە، دەبێ ئەوە بڵێین کە دڵا خۆشکردن بە هەڵبژرادن نە ئەسەڵی مەسەلەیە نە سیاسەت وناوەرۆکی سیاسی ورەندە سیاسیەکان لەوێوە دەستپادەکەن و بە پێچەوانەوە دەبێ رەخنەگری سەرجەم ئەو بارودۆخە بین، کە هێزە کۆنزەرڤاتیفەکانی هێناوەتە سەر کار.

* ئەگەر تیرۆر لە فکرەوە دەستپێبکات وەك رەفعەت سەعید دەڵێت (فکرێك بەرامبەر قبولناکات، ئەمە پرنسیپی کارکردنی گروپە ئیسلامییەکانە، چۆن پاشئەوەی فکر تیرۆر بکرێت، بەر بەم مەترسییە بگیرێت؟

– ئیسلامی سیاسی بزوتنەوەیەکی سیاسیە وئیسلامی کردوەتە ئایدیۆلۆژی خۆی، ئەمە بۆ خۆی کێشەیەکی ئەم بزوتنەوەیە. هەموو سیستمە سیاسی وئایدیۆلۆژیا باو وهەمەگیرەکانی بۆرژوازی لە چەشنی لیبراڵیزم وتەنانەت کۆنزێرڤاتیزم خۆیان دور راگرتوە، لە دین ومەزهەب وبیرو باوەری ئاینی ئەمە جگە لە کۆمۆنیزم وسۆشیالیزم کە رەخنەگری رادیکاڵا وشۆڕشگێری ئایدیۆلۆژیایی ئاینین، بەڵام ئیسلامی سیاسی بە سەر وماڵەوە کەوتوەتە نێو ئەم ناکۆکیەوە ودور لەخۆ راگرتن لە ئاین مانای نییە بۆی. ناکرێت بڵێین ئیسلامی سیاسی وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی هەیە، بەڵام بیروباوەری ئاینی ئیسلامی ئایدیۆلۆژیای پێکناهێینێت. هەربۆیە ئایدیۆلۆژی ئیسلامی سیاسی، ئیسلام ومەزهەبە ئیسلامیەکانە، مەزهەبی سننە یان شیعە، ئەمە خۆی لە خۆیدا ناکۆکیەکی گەوەر، هەروەها بێ ئاسۆیەکی کوشندەی بۆ ئەم بزوتنەوە سیاسیە پێکهیناوە. ئەم بزوتنەوەیە بەم ناکۆکی وبێ ئاسۆییەوە هاتوەتە نێو شەڕ وکێشمە کێشە سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابورریەکانی جیهانی سەرمایەداری سەردەم.

بۆ بەرەنگاربوونەوە بەرامبەر ئیسلامی سیاسی وتاکرەویی فیکری ئەوان رێگەیەك نییە، جگە لە توندو تیژکرنەوەی کێشمە کێشی کۆمەڵایەتی وسیاسی وفیکری بە روویاندا وکەشفکردنی ماهیەتی چینایەتیی بۆرژوازییان، بەڵام ئەمە لایەنێکی رووبەرووبوونەوەیە بەرامبەر ئیسلامیزم، لایەنەکی گرنکییکە ئەوەیە کە ئیسلامی سیاسی ژن بە کۆیلە دەگرێ، ئازادیەکان سەرکوت دەکات، مافی رەخنە وخەلاقیەتی رەخنەگرتن لە خەڵك زەوتدەکات، توۆقاندن وکوشتن وبرین بڵاودەکاتەوە، منداڵا بێماف وبێئیرادە دەکات و خەریکی یەك زنجیرە لە کار و رفتاری سیاسیە، کە ناکرێ و نابێت کۆمەڵ لە بەرامبەریاندا بێدەنگ بێت و بپان سپێرێ بەئاکامی کێشمە کێشی سیاسی وفیکری لە گەلیاندا. دیارە ئەمانە بەدەر لەوەی کە بەشێکی گەورەی ئیسلامی سیاسی تێرۆریستن ودەبێ قەدەغە بکرێن وکردەوە وسیاسەتەکانیان وەك تاوان بە هەقی مرۆڤایەتی مامەڵە بکرێن.

ناکرێت لە کۆمەڵدا کە دەبێ مافی یەکسانی ژن وپیاو وئازادیەکانی ژن پارێزراو بێت، بوار بدرێت بە ئیسلامی سیاسی، بە هەزارو یەك برو بیانوە، ئەم مافە سەرتایانەی ئینسان پێشێل بکات. ناکرێ کۆمەڵ بێدەنگ بێت بەرامبەر ئەم تاوانانە ودڵی خۆمان خۆشبکەین، بەوەی کە خەریکی جەدەلی سیاسی وفکرین لەگەڵا ئیسلامی سیاسیدا. یەکەم ماف وئازادیە سەرەتاییەکانی ئینسان ونۆرمی بەها ئیسنایەکان، کە دەسکەوتی خەبات وهەوڵ وتەقلای کرێکاران وئازادیخوازان ویەکسانیخوازانءکۆمۆنیستەکان وسۆیشالیستەکانی جیهانە، پاراستنیان لە هەر دەست درێژیەك ومامەڵە لەگەڵا پێشلکردنیان وەك تاوانکردن، ئینجا دووهەم باسکردن لەکێشمە کێشی سیاسی وفکری بەرامبەریان بو رزگارکردنی جەماوەر لە ئاسۆی سیاسی وفکری ئیسلامی سیاسی.

بەهەرحاڵ جگە لەو مەسەلە یاساییانەی پاراستنی مافی ئینسانەکان لە دەستدرێژی ئیسلامیزم، رێگەی رووبەرووبوونەوە بەرامبەر ئیسلامی سیاسی وە رێکخستنی کێشمە کێشێکی کۆمەڵایەتی وسیاسی وفیکری هەمە لایەنەیە ودەبێ هەموو دەرگاکانی ئەم کێشمەکێشە ئاواڵا بێت وناکرێت هیچ ئایدیۆلۆژیك وهیچ فشارێکی مەعنەوی

ببێته رێگر له بەردەم ئەم کێشمە کێشەدا. گەر ئەو ئایدیۆلۆژیە ریگری بەردەم پابەند بوونە بە یاری ململانێی سیاسی وکۆمەڵایەتی وفیکری ناو کۆمەڵ ئەوە خەتای کەس نییە، خەتای ئیسلامی سیاسیە کەرێگری ئایدیۆلۆژی بو خۆی دروستکردوە، نەك کۆمەڵ تەسلیمی ئەو هەڵبژاردنە ئایدیۆلۆژی ئەو ببێت.

وەك ئەنجام گیری ئەوە دەڵێم کە مانەوە وبە هێزبوونی ئیسلامی سیاسی، تەنها وتەنها کاتێك روودەدات کە ماف وئازادە سیاسی وکۆمەڵایەتی وئابوریە هەرە سەرەتاییەکانی ئینسان قۆرخ کرابێت و زەوتکرابێت. رێگەی بەرەنگاربونەوەی ریشەیی ورادیکاڵا بەرامبەر ئیسلامی سیاسی ریگەی کۆتاییهێنانە بە زوڵم و ستەمی چینایەتی سەرمایەدرای وراوەستانی شۆڕشگێرانەیە بەرامبەر تەواوی ئەو سیستمە فیکری وسیاسیانە وئەو بزوتنەوە و هێزانەی کە درێژە بە هەموو جۆرەکانی بێ مافی ئینسان دەدەن، بۆئەوەی درێژە بدەن بە سیستمی کۆیلایەتی.

* شۆڕشێکی نوێ و بەهارێکی عەرەبی دژی ئیخوان و ئیسلامییەکان لەڕێدایە؟

– شۆڕش بەرامبەر ئیخوانەکان بە مانایەك شۆڕشێکی نوێ نییە، بەڵکو درێژەی خودی شۆڕشی میسرەو هەر ئێستا بەرەنگاربونەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی ئازادیخواز بەرامبەر ئیخوانەکان بە بەرچاوێ جیهانەوە روودەدا. سوتاندنی بارەگاو ئوفیسەکانی ئیخوانەکان، کارێکی هەروا لاوکی نییە ورووبەرووبوونەوە لەگەڵا ئیسلامیزمدا تازە ئیتر بووە بە نۆرم و بە کردەوە بووە بە بەشێك لە مێژووی بەرەوپێش چوونی شۆڕشگێرانە لەم ناوچەیەدا. ئەمە چەند سەرکەوتوو دەبێت وچەند کۆتایی دەهێنێ بە گەشەی ئسیلامی سیاسی، کە لە دوو سێ دەیەی رابردودا بینیمان، بەندە بەوەی کە هێزەکانی شۆڕش وهێزی سوشیالپیستی وکۆمۆنیستی چینی کرێکار و ئازادیخوازی نێو کۆمەڵ، چەند بەرەو پاش دەچێت وبە هێز دەبێت.

دیارە، هاتنە سەر کاری ئیخوانەکان ئاکامی راوەستانی شۆڕشە لە نێوەی رێگەدا و وەڵام وەرنەگرتنەوەی ئەو ئامانج ومەسەلانەیە،کەکرێکاران وزەحمەتکێشان وگەنجان وخەڵکی ئازادیخوازی تینوی سەربەستی وخۆشگوزەرانی، شۆڕش وراپەڕینیان لەو پێناودا کرد. ئیسلامی سیاسی لە میسردا لە هیچ شوێنێکی ئەم راپەڕینە کۆمەڵایەتیدا نەبووە ونییە.

ئەوەی کە روویدا لە میسر بومەلەرزەیەکی کۆمەڵایەتی شۆڕشگێرانەی بە هێز بوو، کە نەك هەر سیتسمی سیاسی ئیستبدادی موبارکی تێکشکاند، بەڵکو جەماوەری هێنایە سەر شانۆی کاری راستەوخۆی سیاسی بەئامانجی گۆڕینی ژیانی سیاسی وئابوری و کۆمەڵایەتیان. جەماوەری چەند ملیۆنی لە پڕ هاتە نێو مەیدانی پراکتێکی سیاسی وکاری راستەوخۆی سیاسییەوە. بزوتنەوی کرێکاری وئیعترازی رۆژانەی کرێکاران وخۆ رێکخستنیان لە سەندیکا ورێکخراوە کرێکاریەکاندا بە درێژایی دوو ساڵی رابردو بە شێوەیەکی بەرین و فراوان بەردەوام بووە. ئەمە واقیعیەتی تازەی سیاسی میسرە.

هەر وەك چۆن پاشماوەکانی رژێمی موبارەك لە چەشنی ئەحمەد شەفقیەکان، ولیبراڵە پرو رۆژئاواکان وناسیۆنالیستەکانی چەشنی لەبرادعی وعۆمەرو موسی، هێزەکانی دەورەی کۆنن ودەرکەوتی ناکامیەکانی شۆڕشن، کە ئێستا بوونەتە هێزێکی ئۆپۆزسیۆن، ئاواش ئیخوانەکان وسەلەفیەکان سەر بە دەورەی ئۆپۆزسیۆنی کۆنن وتەنها ناکامیەکانی شۆڕشە، کە ئێستا هاتونەتەوە سەرکار. لەگەڵا هەرگەشەسەندنەکی زیاتری ئەزمەی شۆڕشگێرانە لەمیسر، هەڵمەتی زیاتر بۆ سەر ئیسلامی سیاسی وئیخوانەکان وسەلەفیەکان بەرجەستەتر دەبێتەوە، نەك هەر تەنها لەبەرئەوەی کە دەسەڵاتیان بە دەستە وناتوانن وەڵام بە ئەزمەی ئابوری وکێشە کۆمەڵایەتیەکانی جەماوەرە بدەنەوە، بەڵکو بە هۆی ئەوەی کە هێزێکی سیاسی دژ بە شۆڕش وپێشکەوتنخوازی و رزگاریخوازین وسیاسەت و کاری سیاسی چوتە دۆخێکی بان تر لە دەورەی کۆن، هەر بۆیە پەرەسەندنی بارودۆخی شۆڕشگێری لە میسر ئیسلامی سیاسی دەخاتە بەردەم هێرشێکی بەرین تر وریشەیی تر وشۆڕشگێرانە کە رووی لە رزگاربوون بوونە، لە دەست کۆنزەرڤاتیڤی ودواکەوتی وکۆیلەکردنی ژنان ولاوان وسەرجەم کۆمەڵ بە دەستی ئیسلامیزمەوە .

* لە ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسیدا بەتایبەتی ئیخوان موسلیمین وا پێناسەی خۆیان کردوە (ئیسلام، پەیام و حکومرانییە، شمشێرو قورئانە، ئاین و دەوڵەتە....) کەواتە ژیان لەکوێی ئەم مەملەکەتەدایە؟

-ئەلبەتە بە پێناسەیەکی وا کە ئیسلامیستەکان باسیدەکەن بو ئیسلام وبەتایبەت پراکتیککردنی ئەو پێناسەیە، دیارە جێگەیەك بو ژیانی هاوچەرخ نامێنێتەوە لەو «مەملەکەتەدا» . هەروەك لە وەلامی پرسیارەکەی سەرەودا ئاماژەم پێدا، ئەمرۆ بە هەر دەلیلێك بێت ئیسلام ئایدیۆلۆژیای بزوتنەوەیەکی سیاسییە کە ناوی ئیسلامی سیاسیە. گەر ئیسلام وەك بیروباوەرێکی ئاینی بۆ نمونە هەر «پەیام» و»قورئان» و»ئاین» بوایە، ئەوا ئیسلامی سیاسی کە خۆی بە دوای دەسەلاتداریەتیەوەیە، «حوکمرانی» و»شمشێر» و»دەولەتی» بو ئیزافە دەکرد، بەلام هەروەك ئاشکرایە ومێژووی واقیعی ئیسلام بۆخۆی ئەوە بووە کە ئیسلامیستەکان دەیلێن واتە» ئیسلام پەیام وحوکمرانییە، شمشێرو قورئانە، ئاین ودەولەتە «.

من لێرەدا باسم لە سەر ئەوەیە، کە ئیسلامیستەکان چۆن بەرخورد بەم واقیعیەتە مێژوویەوە دەکەن. دەکرێت هەر چالاکەوانێکی ئیسلامی وەك بیروباوەرێکی ئاینی خۆی تەبلیغ بکات، بۆ ئیسلام وەك «پەیام» و بیروباوەری ئاینی خۆی، بەلام جیاوازێکی گەورە هەیە، لە نێوان ئەم تەبلیغە ولە نێوان گواستنەوەی مێژوویەکی حوکمرانی کە ئیسلام رایگوزەراندووە لە مێژوودا بو جیهانی ئەمرۆ. ئەوەی یەکەم دەیکات بە موبەلغێکی ئاینی، ئەمەی دووەهم دەیکات بە چالاکەوانێکی ئیسلامی سیاسی.

تالەبان وقاعیدە خۆیان دەلێین کە مانای واقیعی گوێزانەوەی ئەو مێژووە سیاسی وحوکمرانییەی ئیسلام لە دەورانی کۆندا بو دنیای ئەمرۆ، هەر ئەوەیە کە ئەوان بروایان پێیە. چ کارساتێکی گەورە دەبێت بو بەشەریەت، گەر نمونەی قاعیدە ببێتە نۆرمی حوکمرانی لە هەچ شوێنێکی دنیادا بێت. دیارە ئیسلامی سیاسی تاکە بزوتنەوە نییە کە ویستبێتی ئەم مێژوی حوکمرانی دەورانە مێژوویەکانی پێشوو بگوێزیتەوە بۆ دنیای ئەمرۆ. مۆسۆلۆنییەکانی ئیتالیا بە یاد وبیرەوەریەکانی ئیمبراتۆریەتی رۆمانییەوە هاتبوونە سەر شانۆی سیاسی ئیتالیای ئەو کاتی پێش جەنگی جیهانی دووەهم و بینرا چ کارەساتێکی گەورەیان خولقاند بە شێوە بیرکردنەوەو سیاسەتەکەیان.

*وەکو دەوترێ جەرەیانی مارکسیستی گەر مودەتێك بەهۆی سیستمە فکرییە نوێ و یوتۆپیاکەیەوە لەناو نوخبەدا رۆلی هەبوبێ (دونیای عەرەبی و خۆرهەلاتدا) بەلام لەناو ئاپۆرەی خەلکدا نەیتوانی لەم روداوانەدا رۆلی هەبێ و تەنها وەکو جەرەیانێکی نوخبەوی ماوەتەوە. فاکتەرەکانی چین؟

- رەوتی مارکسیستی «سیستمێکی فکری» یوتپیا نییە ولە بەر»یوتۆپیا بوونی» نییە کە «رۆلی هەبووە» لە ناو «نوخبەدا». تەواو بە پێچەوانەوە، لەبەرئەوەی کە یوتۆپیا نییە ناکرێت وەك فیکرو سیاسەتی نوخبە بمێنێتەوە، چونکە مانەوە وەك فیکری نوخبە رەوتی مارکسیستی نییە وناتوانێ هیچ کاریگەریەك بە جێبهێلی لەسەر جیهانی دەوربەری. «جەریانی مارکسیستی» بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی چینێکی دیاریکراوە وناتوانرێ وەك رەوتێکی فیکری داپیچرێنری لە بزوتنەوەی کرێکاری ورەخنەی عەملی دژە سەرمایەداری چینی کرێکار وخەبات بو گورێنی شۆرشگێرانەی دنیای دەرەوە.

ئەوە راستە کە کۆمۆنیزم و «جەرەیانی مارکسیتسی « نەیتوانیوە رۆلێکی کاریگەری هەبێت لە ناو «ئاپۆرەی خەلکدا»و نەیتوانی ببێتە هێزێکی سیاسی وکۆمەلایەتی بە هێز. بەلام تا کاتێك تای تەرازووی هێز لاینەدا بەلێی کۆمۆنیزم وچەپدا. خودی راپەرین وشۆرش و هەولء تەقلا شۆرشگێرکانی خەلکیش ناگات بە ئامانجەکانی خۆی، هەربۆیە مەسەلەکە تەنها باسکردنی رۆل ونەخشی چەپ و کۆمۆنیزم نییە بە جیا لە چارەنوسی راپەرین وشۆرش. پێ کاریگەریی جەرەیانی مارکسیستی شوێنی رەخنەیە. بەلام لەروانگە و ئاسۆیەکی دیکەوە کە تەئکید لەسەر سەرکەوتن بەسەر لاوازی و کەم کوریەکانی بکات.

رێگرەیەکان زۆرن، کە رووبەرووی خەباتی رەوتی مارکسیستی وبزوتنەوەی کۆمۆنیستی وکرێکارییە ودەوریان دیوە لە سەر پێشگرتن بەم بزوتنەوەیە. لە سەرکوتی راستەوخۆی بزوتنەوەی کرێکاری وکۆمۆنیستیەوە، بگرە تا هێرشی بەرین وفراوانی تەبلیغاتی بۆرژوازی جیهانی وناوخۆی بە دژی کۆمۆنیزم و ئازادیخوازی، لە زالکردنی ئاسۆی سیاسی وفکری جۆراوجۆری بۆرژوازیەوە بەسەر کۆمەل و رەوندە سیاسیە کانی ناو کۆمەلەوە بگرە، تا زەربەی ستالینیزم و تەجروبەی سەرمایدرای دەولەتی کە بەناوی کۆمۆنیزمەوە ناسێنرا بە بەشەریەت، لە هەلاواردن لە سەر بنەمای نەتەوەو دین ومەزهەب و جێندەر ورەنگی پێست بگرە، کە بۆرژوازی هەمیشە خەریکی ئەو کارەیە تا ریزی یەکگرتووی چینی کرێکار تێکبدات، تا جەنگ و کوشتاری قەومی

وتائیفی ودینیی تیکرمانی بارودۆخی نۆرماڵی کۆمەڵگەکان. ئەمە جگە لە کارەساتەکانی چەنشی جەنگی دەوڵەتی وغیرە دەوڵەتی وتێرۆریزم، کە بە راستەوخۆیی کاریگەرییان لەسەر رەوندی خەباتی کرێکاری وکوموینستی..هتد هەیە، بەڵام تیشك دانان لە سەر ئەو لایەنانە وئەو رێگریانە وئەو بارودۆخە ناهەموارەی کەدەوری کۆمۆنیستەکان وچەپەکانی داوە، هێشتا وەڵام نییە بە مەسەلەیەکی بناغەیی تر، ئەویش ئەویە کە ئەڵقەی دەرچوون لەو بارودۆخە لە کوێدایە ودەبێ رەوتی مارکسیتسیت چ ئاڵوگورێك بکات ودەورو نەخشەی چون پێناسە بکات، بۆئەوەی ئەو ئاڵوگۆرییە ئەنجام بدات.

مەسەلەیەکی بناغەیی ئەوەیە کە «جەریانی مارکسیسیتی» دەبێ وەڵام بە کێشە بناغەییەکانی ئەمرۆی دنیا بداتەوە. لەم راستایەدا و بە هەموو ئاڵۆزییەکەیەوە پێش هەموو شتیك یەك مەسەلە بناغەییە ئەویش بەرزکردنەوەی ئەڵتەرناتیڤی سۆشیالیستی وئاڵای شۆڕشی سوشیالیسیی چینی کرێکارە، وەك ئەجێندەی هەر ئێستا وسەرخەتی سیاسی ئەمرۆی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی. کار لەویڵاوە دەچێتە پێشێ کە هێزی چینایەتی شۆڕشی سوشیالیستی چینی کرێکار رێکخراو بکرێت وئارایش پێبدریت، کێشمە کێشی سیاسی وفکریەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی وسۆشیالیستی بچێتە سەر، وەلانانی کۆسپەکانی بەردەم بە هێزبوونی ئەم مارشە رزگاریخواز وپەکسانیخوازانەیە. ئەڵتەرناتیڤی ئابوری بۆرژوازی بە نێولیبراڵا وئیسلامی وناسیۆنالیست وباڵی چەپی بۆرژوازی سەرمایەداری دەوڵەتی هەر هەموویان بێ وەڵامن لە بەرامبەر قەیرانی سەرمایەو سەرمایەدرای جیهانی وئەمە قەیرانێکی سیاسی کوشندەی بو دروستکردون. بە هێزبوونی جەرەیانی مارکسیستی بەندە بە تواناکانی هەم بۆ بەرەوپێشبردنی راپەرین و شۆڕشێك کە ئێستا لە ئارادیە، وهەم کارکردن وەك جەرەیانی سیاسی دەخاڵتگەری سەربەخۆیی چینایەتی بە راستی رێکخستن وبەتواناکردنی هێزەکانی شۆڕشی سۆشیالیستی و سەرخستنی ئەم شۆڕشە. یەك فاکت کە رێگر بووە لە بەردەم بزوتنەوی کۆمۆنیستی کە دەروی بگیرێ لاوازی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی بووە، لە مەیدانی سنوربەندی خۆی لەبەرامبەر بزوتنەوە کۆمەڵایەتی وسیاسیەکانی دیکەی بۆرژوازی، لەوانە ناسیۆناڵیزم و ئاسۆی سیاسی باڵی چەپی بۆرژوازی.

*سادق جەلال عەزام بیرمەندی گەورەی عەرەب لەوەڵامی پرسیاری هەست بەوە ناکرێت ئیسلامیەکان مۆدێلێکی تر لە ستەمکاری سەدام و قەزافی و ئەسەدبن، یان ئایا مێژوو بە شێوەیەکی تراژیدیایانە لەسەر دەستی ئەم ئیسلامیانە دوبارە نابێتەوە، لەوەڵامدا دەڵێ ئەگەر هەموو دەرفەتەکانیان بۆ جێبهێڵدرێت. بێگومان مێژوو تراژیدیانە دوبارە دەبێتەوە؟ کامانەن ئەم رێگریانە بۆ دوبارە نەبوونەوەی ستەمکاری و تراژیدیای مێژوویی لەسەر دەستی ئیسلامیەکان؟

-ئەوەی جەلال سادق عەزام دەیڵێت دروستە، مێژوو بە شێوەیەکی تراژیدی دوبارە دەبێتەوە، گەر دەرفەتەکانیان بۆ بە جێبهێڵێری، بۆ ئەوەی دەرفەتەکانیان بۆ بەجێنەهێڵرێ هیچ زەمانەتێك نییە جگە لەوەی ئیرادەی سیاسی جەماوەری ئازادیخواز ویەکسانیخواز ببێتە هێزێکی کاریگەر وئاڵۆگۆریە شۆڕشگێرەکان بکاتە واقیع. خودی شۆڕشی میسر وتونس، لە هەناوێ خۆیاندا، ولەکاردانەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی هاوچەرخدا، وەڵامیان بەو پرسیارەی جەلال سادق عەزام داوەتەوە، کە رێگەی بەرگرتن بەو کارساتانە چییە؟

سەرکەوتنی شۆڕش لە میسر لەگەڵا ئەوەشدا کە موبارك و رژێمەکەی روخاند، بەڵام نەیتوانی وسەرکەوتوو نەبوو کە دەسەڵات بگوێزێتەوە بۆ دەستی کرێکاران وزەحمەتکێشان خەڵکی ئازادیخواز وستەم دیدەی میسر، ئەویش دیارە بەهۆی نائامادەیی سیاسی ورێکخراوەیی چینی کرێکار وبزوتنەوەی کۆمۆنیستی وسوشیالیستی ئەم چینە. نەك هەر ئەمەش، بەڵکو نەتوانرا سیستمێکی سیاسی بان تر لە سیستمی پەرلەمانی لە چەشنی سیستمی شورایی حوکمکردن بهێنێتە ئاراوە. ئاشکرایە کە دام ودەزگای دەوڵەتی وئامرازەکانی سەرکوتی بۆرژوازی لە سوپا وهێزەکانی پۆلیس وئاسایش وسەرجەم هێزەکان تری دەوڵەت لە جێگەی خۆیان مانەوە ولە تەوافقێکی نێوان ئیخوانەکان وجەنراڵە سەربازیەکان وبە پالپشتی ئەمریکا وئەوروپا وسعودیەکان و قەتەریەکان توانرا رژێمی سیاسی بۆرژوازی بهێڵرێتەوە لە میسرو ولە زەربەی شۆڕش تا ئاستێکی زۆر بپارێزرێت.

ئەم لە نێوەی ریگە راوەستانەی شۆڕشە کە بواری خوڵقاندوە ئیسلامی سیاسی وەك هێزێکی دژە شۆڕش بێتە سەرکار، وئەم لە نێوە رێگە وەستانی شۆڕشە کە هێزو توانای بە باڵەکانی بۆرژوازی ولەوانە ئیسلامیەکان دایەوە تا ببوژێنەوە. ئیسلامیەکان کاروبار بگرنە دەست وبۆرژوا ناسیونالیستی میسری ولیبراڵ وپرو روژئاواییەکان بکەوەنە رۆڵی ئۆپۆزسیۆن. مەرجی گۆڕینی ئەم بارودۆخە نەشونماکردنی هێزەکانی شۆڕشە بەرەو تەواوکردنی

مارشێك كە دووساڵ لەمەبەر دەستپێكرد وهەمەگیربوونی بارودۆخێكی شۆڕشگێڕانەی تازەیەكە تەجروبەی دوو ساڵی رابردوی بەشێوەیەكی رەخنەگرانە تاوتوی كردبێ، ئەمەش بە زیاتر روشتن لە سنوری حوكم وئایدیەڵا وئەڵتەرناتیڤی ئابوری وسیاسی وكۆمەڵایەتی بۆرژوازی، بەئیسلامی وغەیرە ئیسلامیەوە، ئەنجامدەدری، واتە بە بەرزكردنەوە وبە كۆمەڵایەتیكردنی ئاسۆ و ئەڵتەرناتیڤی سۆشیالیستی كرێكار. ناسیۆنالیزمی سیوكیۆلار برۆ رۆژئاوا و لیبراڵەكان تا ئێستا نیشانیانداوە كە ئەوان ناتوانن پاشە كشە بە ئیسلامی سیاسی بكەن و بە پێچەوانەوە دەرفەتەكانیان بۆ رەخساندون. لەگەڵا هاتنە سەركاری ئیسلامی سیاسی بەهەر هۆیەكەوە بووبێت پرۆسەی لەسەر كار وەلانانی ئاڵوز تر دەبێت و زیاتر وزیاتر وەلانانیان گیردەخوت بە پەرەسەندنی هێزەكانی شۆڕش، نەك ئەڵتەرناتیڤەكانی بۆرژواز ناسیونالیست ولیبراڵەكان. جگە لەمانەش وڵاتانی عەرەبی پێناوەتە ناو جیهانی بوون و گڵۆباڵیزەیشن وپرۆسە سیاسیەكانی ئەمرۆی دنیاوە، ئەم بۆ خۆی زەمینە ورەوندێكی مێژووییە، كە پێشكەوتن خوازی كۆمەڵایەتی وسیاسی وفكری لە گەڵیدا پەرەدەسینێ وبە پێچەوانەشەوە ئیسلامیزم لاواز دەكات.

*بۆچونی جیاواز هەیە لەسەر چەمكی (بەهاری عەرەبی، بەهاری ئیسلامی، بەهاری ئازادی، راپەرین، شۆڕش...) بۆ ئاڵوگۆڕەكانی بەهاری عەرەبی پێیتوایە كامیان راستن؟.

– بە رای من بەهاری راپەرین وشۆڕش بو حاڵەتی تونس و میسر دروستە، چونكە بە دیاریكراوی هەڵچوونی شۆڕشگێڕانەو شۆڕش لەو دوو وڵاتەدا روویداوە. بەڵام دیارە ناتوانرێ ئەمە بوترێ بۆ شوێنەكانی وەك یەمەن ولیبیا وسوریا .

بەهەرحاڵ ئەم دوو شۆڕشە شوناسێكی سیاسی بوو كە شەپۆلێكی گەوەری سیاسی دروستكردو ئینیەرجیەیەكی بەهێزی كۆمەڵایەتی وسیاسی پەخشكرد، كە بەشێوەی جۆراوجۆر كاریگەریی لە سەر زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی عەرەبی و رۆژهەڵاتی ناوەراست ولەوانە كوردستانیش بەجێهێشت وهەتا ئێستاش كاریگەریی بەجێدەهێڵی. چەمكی بەهاری ئازادی وراپەرین وشۆڕش راستترە بەرای من، چونكە ئەم شۆڕشانە ئاسۆیەكی گەورە و ئومێدێكی قوڵی وبەرینی خستەبەردەم ئینسانەكان لەم ناوچەداو ودەرگای كردەوە بۆ گۆڕانكاری رادیكاڵا و شۆڕشگێڕانەو بە فیعلی بارودۆخێكی شۆڕشگێڕانەی هێنایە ئاراوە بە تایبەت بۆ ماوەیەك.

*لەكۆمەڵگەی كوردستاندا، بزوتنەوەی چەپ ورادیكاڵا هەست بەمەترسی دەكەن، ئەڵتەرناتیڤی ئەوان چییە لەبەرامبەر ئەو مەترسیانەی كە ئیسلامی سیاسی دروستیانكردوە لەبواری سیاسی و كۆمەڵایەتیدا؟

–ئیمە وەك رەوتێكی كۆمۆنیستی كرێكار، وەك حزبی كومۆنیستی كرێكاری كوردستان وعیراق وسەرجەم بزوتنەوەی كرێكاری و كۆمۆنیستی رووبەرووی ئیسلامی سیاسین لەسەر چارەنوسی ئینسان لە كۆمەڵگەدا. شەڕی ئێمە لەگەڵا ئیسلامی سیاسی شەڕە لە سەر چارەنوسی كۆمەڵگە وئینسان وئەڵتەرناتیڤی سۆشیالیستی چینی كرێكار بۆ كۆمەڵ، لەسەر ئازادی ئینسان لە هەر كۆتءبەندێكی نیزامی چینایەتی وهەر كۆتءبەندێكی سیاسی وئایدیۆلۆژی چینی بۆرژوازی. ئێمە لە بنەڕەتدا لەم شوێنەوە رووبەرووی ئیسلامی سیاسیین. وهەربۆیە دەرخستنی ماهیەتی چینایەتی بۆرژوازیانی ئیسلامی سیاسی بو جەماوەر خاڵی دەستپێكردنمانە لە رووبەرووبوونەوە لەبەرامبەریاندا. ئیسلامیزم وبزوتنەوی ئیسلامی دیاردەی پێش كۆمەڵی سەرمایەداری وپاشماوەی دەربەگایەتی وشێخایەتی نین، تا ئێمە بۆئەوەی بگەینە ئەو ئامانجانمان پێویستمان بەوە بێت كە ئەم كۆنزەرڤاتیفیەی پێش سەرمایەدرای راماڵین، پەكەمجار ودواتر بچینە سەر خەبات بو سۆشالیزم بۆ كۆمەڵێكی ئازاد ویەكسان. لە رەوەندی خەبات بۆ سۆشیاڵیزم و رزگاری ئینساندایە كە ئیسلامیزم رووبەڕوومان بووەتەوە وئێمە لە جەنگداین لەگەڵیاندا.

ئەوەندەی باسمان لەسەر كوردستانە، ئاشكرایە بەشێكی زۆر لە هێزو توانای ئیسلامی سیاسی بەراستەوخۆیی بەندە بە خودی بۆرژوازی كورد وسیاسەت وستراتیژیەتی ناسیۆنالیزمی كورد. ئیسلامی سیاسی لەسەر پێشلكردنی لیستێكی دوردرێژ لەماف وئازادیەكانی ئینسان، توانیویانە مەیدانداری سیاسی بكەن. پێش ئەوەی باسی مەترسیەكانی بەرزبوونەوەی ئیسلامیەكان بكەین، دەبێ ئەو زنجیرە مافە پێشلكراوە بگەڕێتەوە بۆ ئینسان لەم كۆمەڵگەیدا، تا بێینە سەر باسی هێزو توانی ئیسلامی سیاسی ومەودای مەترسی لە گەشەكردن ونەكردنیان. گەر بە پاوەرێكی سیاسی وكۆمەڵایەتی ئۆبژێكتیڤ سەیری بارودۆخی كۆمەڵ بكەین، دەبینین كە ئیسلامیەكان لە مێژە دنیایەك دەستكەوتیان لە كوردستاندا بە دەستهێناوە.

ناکرێ نێوەی کۆمەڵ کە ژنە بناڵێنن بە دەست کۆیلەیەتی و نایەکسانی وبێ مافییەوە، ئێمە بڵێین خەتەری ئیسلامیزم تازە سەریهەڵداوە لە کوردستاندا، وەك ئەوەی کە مەترسی ئیسلامی سیاسی تەنها لە پەیوەند بە تەوازنی هێزی نێوان حزب وهێزە سیاسیەکانی کۆمەڵەوە هەڵبسەنگێنرێت. بەرای من پێویستە باسی خەتەری ئیسلامی سیاسی لە پەیوەند بە کۆمەڵەوە بکرێت، تا لەوێشەوە بێینە سەر خەتەری یەکجاریان کە دەست راگەیشتنیانە بە دەسەڵات، ناکرێت لە لایەکەوە هێزیان پێبدرێ لە رێگەی بێ مافکردنی جەماوەرەوە، لە لایەکی کەوە باسی بەرگرتن بکەین بە رووی مەترسیەکانی پەرشءبڵابوونەوی ئیسلامی سیاسی ولەوەش واواتر باس لەوە بکرێت، کە ئایا کۆمۆنیستەکان چەند توانێویانە بەر بەم هێرشەی ئیسلامیزم بگرن وسیاسەتی چالاك لە بەرامبەریاندا بگرنە بەر.

چی رێگرە لە کوردستاندا لە بەردەم جیا کردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و پەروەردە وفێر کردن وئیعلانکردنی هەر ئێستای وەك باسی بناغەیی ودەستوری کۆمەڵی کوردستان؟. ئاشکرایە کە نوینەری سەرەکی بۆرژوای کورد واتە ناسیۆنالیزمی کورد بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنییەوە نایەوێت ئەو کارەبکات، هەرچەندە ئەو کارە دەکرێت ومەحاڵ نییە وپتر لە (٢٣٠) ساڵە لەمەوپێش بۆرژوازی فەرەنسی ئەم کارەی ئەنجامداوە. ئەوە مەسەلەیەکە لەو مەسەلانەی کە کۆمۆنیستەکان دەیانەوەیت هەر ئێستا چارەسەر بکرێت وئامانجێکی سیاسیە، کەدەبێ جێبەجێبکرێت. گەر دەڵێین ناکرێت ئەوە ئیتر بەرژەوەندی سیاسی و چینایەتی بۆرژوازی وناسیۆنالیزمی کوردە کە رێگرە وبا کۆمەڵ بزانێ ئەوە ئەوانن بەم کارانەیان پشتگیری ئیسلامی سیاسی و بەهێزکردنی دەکەن.

یەکێکی تر لە پایەکان وسیمبوڵیی بەهێزبوونی ئیسلامی سیاسی بە کۆیلەکردنی ژنانە، بۆچی ناسیۆنالیزم ولیبراڵیزم وهێزەکانی دەسەڵاتدارو ئۆپۆزسیۆنی کوردی یاسای یەکسانی تەواوی ژن وپیاو و زامنکردنی ماف وئازادیەکانی ژنان لە هەمو مەیدانەکانی سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتیدا بە ئەنجام ناگەیەنێ تا زەربەیەکی کوشندە لە ئیسلامی سیاسی وئیسلامیزم بدرێت؟. دیارە کاتێك کە ئەو کارە ناکرێت بەرژەوەندیەکی سیاسی چینایەتی لە گۆرییدایە. ئەمەش مەیدانێکی دیکەیە لەمەیدانەکانی خەبات بە دژی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا، کە دەبێ بەو پەری رادیکاڵیتەوە کۆمۆنیستەکان رووبەرووی ببینەوە، خەرێکی وەرێخستن وبەرینکردنەوەی بزوتنەوەیەکی سیاسی شۆڕشگێرانە وبەهێز بین بو تەفروتوناکردنی هەر نایەکسانی و هەر بی مافیەکی ژنان، هەروەها چی رێگرە لەوەی سیستمێکی وەها دابندرێت کە نەتوانرێ هێزەکانی ئیسلامی سیاسی بە بیانوی ئاینەوە سەرەوەت سامانی ئەم وڵاتە بخەنە خزمەتی کاری تەبلیغاتی سیاسی خۆیان وچەندین وچەندین نمونەی تر، کە هەمووی کاری بۆرژوازی کوردە ودەتوانێت بیکات، بەڵام نایان کات. وئێمە هەموو لەم میدانانەدا رووبەرووی ئیسلامی سیاسیین وخەبات دەکەین فەرز بکرین بەسەر دەسەڵاتداراندا وبکرینە یاسای کۆمەڵ. ئەمە جگە لەوەی کە ئایا ناکرێت سەرچاوە مالیەکانی ئیسلامی سیاسی بە گوێرەی یاسا ئاشکرا بکرین بۆ خەڵك، تا خەڵك ئاگادرای پەیوندیە دەوڵەتیەکانیان وسەرچاوەی پول وپارەکانیان بێت وگەندەڵیان بخریتەروو. دیارە کۆمۆنیستەکان وئازادیخوازن وچەپەکان هەر رووبەرووی ئیسلامی سیاسی نین، بەڵکو روبەرووی هەموو ئەم پشتگیریانەی ناسیونالیومی کوردن بۆ ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا.

ئەڵتەرناتیڤی «بزوتنەوەی چەپ و رادیکاڵا» وکۆمۆنیستەکان بە گشتی لە بەرامبەر ئیسلامی سیاسی رووبەرووبوونەویانە لە پەیوەند بە کۆمەڵەوە لە هەموو ئەو مەیدانانەی کە باسمکردن. ئەڵتەرناتیڤمان ئەوەیە کە بەو پەری پەیگیریەوە ناوەرۆکی بۆرژوازی ئیسلامی سیاسی وسیاسەت وکرەدەوەکانیان بدەینە بەر رەخنە وبیناسێنین بە کرێکارو زەحمەتکێش وسەرجەم خەڵکی کوردستان، ئەڵتەرناتیڤمان رووبەرووبوونەوەیە لە هەموو بوارەکانی سیاسی وفکری و کۆمەڵایەتیدا ودەستء یاخییبوونە لەگەڵیاندا، لە سەر ماف و ئازادیەکانی ئینسان. ئەڵتەرناتیڤمان راوستانەوەیە نەك هەر بەرامبەر ئیسلامی سیاسی، بەڵکو سازشکاریەکانی ناسیۆنالیزمی کوردیش لە حزب دەسەڵاتدارەکانەوە، بگرە تا ئۆپۆزسیۆن و رۆشنبیران ونوسەران ومیدیاکانیان.

*بەواقیعی ولەگۆرەپانەکەدا لەتونسەوە تا دەگات بە کوردستان، کە هەست بە پاشەکشەی جەرەیانی چەپ ورادیکاڵا ومارکیستی دەکرێت لەبەرامبەر ئیسلامیەکاندا، تۆ وەکو یەکێك لە بەرپرسانی ئەم رەوتە، تا چەند شکستەکان

دەخەنە ئەستۆی خۆتان ودەتانەوێ خۆتان ڕێکبخەنەوە؟

-پێش هەموو شتێك ئەوە بڵێم كە نە ڕەوتە چەپ و ڕادیكاڵا ماركسیسیەكان پاشەكشەیانكردوە لە بەرامبەر ئیسلامیەكاندا، نەك توشی شكستبوون بەرامبەریان، ئێستاش ئەوە سەنگەری چەپ وكۆمۆنیزم وماركسیستەكانە تاكە سەنگەری بە هێز لە بەرامبەر ئیسلامیەكاندا. بە پێچەوانەوە، ئەوە بۆرژوازی ئیمپریالیتسی جیهانی و بۆرژوازی ناوخۆییە كە چۆكی داداوە لە بەرامبەر ئیسلامی سیاسی وبە گوێرەی بەرژەوندیەكانی خۆیان، ساتەسەودا دەكەن لەگەلیان بەدژی شۆڕش وچینی كرێكار وسۆشیالیزم و ڕاپەڕینی خەڵك .

لەگەڵا قەیرانی سەرمایەداری جیهانی لە (٢٠٠٨) وشكستی نێو لیبرالیزم چ وەك مودێلێكی ئابوری سەرمایەدرای وچ وەك ئایدیۆلۆژی زاڵی باڵی ڕاستی بۆرژوازی جیهانی ولەگەڵا شۆڕشەكانی تونس ومیسر، «جەڕەیانی چەپ ورادیكاڵا وماركسیستی» ڕوو لە گەشەیە لە جیهاندا وئیعتبارو جێگەو ڕیگەیەكی گرنگ وئومێد بەخشی بە دەستهێناوە. ماركس وماركسیزم لە هەر كات زیاتر، لە بەڕاورد بە ماوەی سیی دەیەی ڕابردو، هاتوەتەوە ناو جەرگەی كێشمە كێشی سیاسی وچینایەتی كۆمەڵگەكان. دیارە ئەم گەڕانەوەیە بۆ ماركس بە تایبەت لە وڵاتانی عەڕەبی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو پلەیە نییە كە بتوانی ڕۆڵی كاریگەری هەبێ لەسەر ڕەوەندی ڕووداوەكان، بەڵام بنەمای كۆمەڵایەتی وچینایەتی ماركسیزم وچەپ ورادیكالیزم، كە چینی كرێكارە كەوتوەتە جەنگێگی بێوچان لە بەرامبەر سەرمایە ونوێنەرانی سیاسی لە سەرتاسەری جیهانداو زۆر بەئاشكرا ئەم دیاردەیە دەبینین، بە تایبەت لە میسر. قەبارەی و ژمارەی ئیعتراز و ماگرتن و خوپێشاندانە كرێكاریەكان لە سەر باشترکردنی ژیان وهەلومەرجی كارکردن لە وڵاتە بە شێوەیەكی فراوان بەردەوامە.

من ئەوەم قبوڵە كە «جەڕەیانی چەپ ورادیكاڵا و ماركسیستی « نەمانتوانیوە بە پلەی پێویست دەور بگێرین لە سەر ڕەوەندی ڕووداوەكان و كار و ئەركێكی زۆر لە بەردەمدایە كە دەبێ ئەنجامبدری. بەڵام ئەوەم قبولا نییە كە ئێمە شكستمان هێنابێت لە بەرامبەر ئیسلامیەكان، وكۆمەڵگەكان لە پرۆسیەیەكی سیاسی شۆڕشگێرانەدان وچارنوسی بارودۆخەكان هێشتا یەكالانەبوتەوە بۆ هیچ لایەك. هەر لەم ڕاستایەشدایە كە ئێمە پێویستمان بەوەیە خومان ڕێك بخەینەوە وچەكدار بین بە ئاسۆیەكی سیاسی ماركسیستی وشۆڕشگێرانە لەم دەورەیەدا، تابتوانین ڕۆڵ ودەخالەتمان ئەنجامبدەین. من پێشتر باسمكردوە كە مەسەلەی بناغەیی لەڕەوندی خۆ ڕێكخستنەوە وبەرجستەتەبوونەوەی ڕۆڵی كۆمۆنیزم وچەپ لە كوێیەوە دەستپێدەكات. لە گێرانەوەی كۆمۆنیزم بۆ جێگەی واقیعی خۆی، بو نێو جەرگەی كێشمە كێشی چینایەتی كرێكار لە سەر چارەنوسی ئابوری وسیاسی وفیكری كۆمەڵگەكان، بەرزكردنەوەی ئالای سوشیالیزم وكۆمۆنیزم، ئالای بونیاتنانی كۆمەڵێكی ئازاد ویەكسان وەك وەڵامی هەر ئێستایی ئێمە بە مەسەلە گرنگەكانی كۆمەڵگەكان.

هەتا ئێستا بەشی زۆری بزوتنەوەی كۆمۆنیستی لە وڵاتانی عەڕەبی و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەگەڵا هەر هەوڵ تەقلایەكێشدا كە درابێ، بەڵام نەیتوانیوە وەك بزوتنەوەیەكی سیاسی وفیكری سۆشیالیستی وكۆمۆنیستی چینی كرێكار بەڕەوپاش بچێت وسنوربەندی خۆی پراكتیك بكات لەبەرامبەر ناسیۆنالیزم ومۆدیلی سەرمایەدرای دەوڵەتی، لە بەرامبەر بزوتنەوەی سیاسی وفیكری ناسیۆنالیستی دژە ئیمپریالیزمی ئەم وڵاتانە، لە دواشیكردنەوەدا وەك باڵی چەپی بۆرژوای ئەم وڵاتانە كاریكردوە. ئەم بزوتنەوە نیمچە سۆشیالیستە، مۆدیلی ئابوری سەرمایەداری وبەرنامەڕێژكراوی خستوەتە جێگەی سوشیالیزم وكۆمۆنیزم ولەڕووی عەمەلیەوە دەوری ئەوە بووە، كە ئیعترازی كۆمۆنیستی وشۆڕشگێڕو ڕادیكاڵا دابمركێنێتەوە ولە باشترین حاڵەتدا بیكاتە وزەی فەراهەمهێنانی هەندی چاكسازی سیستمی ئابوری و سیاسی بۆرژوازی.

بە شێكی دیكەی ئەم بزوتنەوەیە كە زیاتر وەك چەپی ڕادیكاڵە چەپێكی نا پەیوەست بووە بە خەبات و ئیعترازی چینی كرێكارو لە دواشیكردنەوەدا وەك ڕەوتێكی سیاسی دور لە میكانیزمەكانی كێشمە كێشی سیاسی وچینایەتی كۆمەڵ كاریكردوە.ئەم بەشە لە چەپ بەزۆری بە شێوەی پۆپۆلیستی وپاشكۆیی بۆ بزوتنەوەی خورسكی جەماوەری كاریكردو ولە دواشیكردنەوەدا بوەتە پاشكۆی بزوتنەوە ئەسڵیەكانی بۆرژوازی بە تایبەت باڵی چەپی ناسیۆنالیزم.

خۆ ڕێكخستنەوەی كۆمۆنیزم و»جەڕەیانی ماركسیستی» پێش هەموو شتێك لە ئاڵۆگۆڕی لە پێگەی چینایەتی بزوتنەوەی كۆمۆنیستی و سنور ڕاكێشان لە بەرامبەر ناسیۆنالیزم و باڵی چەپی بۆرژوازی دەستپێدەكات وئەمە

کارێکی هەمە لایەنە وقورسە، بەڵام تاکە ریگەی بەرەوپێش چوون وبەهێزبوونی بزوتنەوی کۆمۆنیستیە لەم وڵاتانەدا. ئەنجامدانی ئەم کارە ئەم خو رێکخستنەوەیە، پێش هەموو شتیك، پێویستی بە ریزێکی بەرین لە ئەکتیڤیستی کۆمۆنیست ورابەریی کۆمۆنیسیتی هەیە، کە چوو بێت بەرەو پیری ئەم ئەرکە مێژوویەوە وکردبێتیە تەوەری کاری سیاسی خۆی. ئێمە وەك هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق وکوردستان، لە هەوڵی بونیاتنانی حزبی سیاسی کۆمەڵایەتی بە هێزین وئەم سەرنجدانە سیاسیانمان خستوەتە بەردەمان ولە خەبات داین بو بەئەنجام گەیاندنی بەرنامەی دنیایەکی باشتر.

*ئەحزابی کۆمۆنیستی لە کوردستان. هەم یەکگرتوونین و هەم جەماوەری نین، ئەم رەخنانە قبوڵ دەکەن؟

-بە رواڵەت هەردوو ئەم رەخنەیە راستن، بەڵام ئەمە جۆرە لێکدانەوەیەش بۆ رۆڵی «حزبە کۆمۆنیستەکان» بێ کێشە نییە، چونکە هیچ شتێك ناڵێت دەرباری پێگەی بەکردەوەیی، شۆرشگێری یا ریفۆرمیستی، رادیکاڵا یان سازشکارانەی، رەوت و«حزبە کۆمۆنیستەکان» لە نێو کێشمە کێشی چینایەتی کۆمەڵدا.

یەکگرتوویی «حزبە کۆمۆنیستیەکان» ناتوانێ خۆی لە خۆیدا وەڵام بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵ وکێشە ومەسەلە ئەساسیەکانی کۆمۆنیزم وچەپ. دووهەمیش جەماوەری نەبوون لە دەورەیەکی دیاریکراودا، گوزارش نادات لە پەیوندی حزبە کۆمۆنیستەکان، بە کێشەو مەسەلەکانی زۆربەی زۆری خەڵکەوە وهەمیشە ئیمکانییەتی ئەوە هەیە، کە نفوزی جەماوەریان زیاد بکات لە رەوەندی چوونە پێشەوەی سیاسی کۆمەڵ و رووداوەکاندا وبەهۆی کاریگەری چەپ وکۆمۆنیزم لەسەر وەڵامدانەوە بە کێشە گرییەکانی کۆمەڵ و مەسەلە بناغەییەکانی خەباتی چینایەتی کرێکار.

ئێمە لە بنەرەتدا بەرنامەو سیاسەت و ستراتیژیەتمان دێتەوە لەگەڵا بەرژەوەندی وئامانج و ئارەزووەکانی وخەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان وستەم دیدەی کۆمەڵ وئازادیخوازن و یەکسانیخوازان، کە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵ پێکدەهێنن. وبەم مانایە حزبی زۆربەی جەماوەرین، بەڵام نەمانتوانیوە جەماوەرە رێکبخەین بەدەوری ئەو سیاسەت و بەرنامەیەدا کە هەمانە و خەبات دەکەین، کە بتوانین ئەو کارە ئەنجام بدەین.

موئەیەد ئەحمەد

-موئەیەد ئەحمەد چالاکوانی حزبی کۆمۆنیست.

-یەکێکە لەدامەزرێنەری ئەم حزبە لەساڵی (١٩٩٣)دا

-لەپێنجوین لەدایکبووەء ناوەندیء ئامادەیی لەسلێمانی تەواو کردوە.

-لەساڵی (١٩٧٦) بەکالیۆریس لەئەندازیاری کارەبادا بەدەستهێناوە.

-لەئێستا کۆمیتەی لیژنەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراقە.

-سەرنوسەری رۆژنامەی(الشیوعیەالعمالیە)(کۆمۆنیستی کرێکاری) بووە لەشوباتی (١٩٩٥) تاوەکو (٢٠١٢)

-بەردەوام بووە لەکاری ئەندازیاری تاوەکو ساڵی (١٩٨١) لەبەر بیروڕای سیاسی وازی لەکارەکەی هێناوەء بەردەوام بووە لەکارێ سیاسی دژی حزبی بەعس.

-یەکێکە لەدەستەی رێکخستنی خۆپیشاندانە سەرەتاییەکانی کوردستان کەلەساڵی (١٩٨٠) لەپێنجوین رویاندا.

-چالاکیە سیاسەکانی لەناوەراستی حەفتاکانەوە وەك چەپێكء لەرابەرای (اتحاد نچال الشغیلە)بووە، پاشان یەکێك بووە لەدامەزرێنەرانی رەوتی کۆمۆنیست لەهاوینی ساڵی (١٩٨٤)

-ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب بووە لەسەردەمی دامەزراندوە تاوەکو ئایاری (١٩٩٨)، پاشان ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسی بووە تاوەکو ساڵی (٢٠٠١)، پاشان بووە بەئەندامی مەکتەبی سیاسی تاوەکو (٢٠١٢/٢/٢٧).

-یەکێکە لەدەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتی بێکاران، کەدوای روخاندی سەدام لەساڵی (٢٠٠٣) دا لەعیراقدا دروستبوو.

-خاوەنی چەندین کتێبء لێکۆڵینەوەء وتارە لەلاپەرەکانی (الشیوعیە العمالیە)، لەماوەی (١٧) ساڵ ا.